# بنەماكانی دەوڵەتشار لە دیدی ئەفلاتون

**مسلم حسن محمد**
بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**زریان همزە عزیز**
بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Zryan.hamzaaziz@uor.edu.krd

## پوختە

هزری سیاسی ئەفلاتون و بنەماكانی یەكێكن لەو دەستكەوتە گرنگانەی فەلسەفە شانازییان پێوەدەكات، ئەو بنەما فەلسەفیانەی ئەفلاتون لەبواری سیاسیدا دایناون نمونەیەكی باڵا لە دەسەڵاتی سیاسی پیشاندەدەن و لە بوارە جیاجیاكانی حوكمڕانیدا و لە دنیای ئەمڕۆشدا سودیان لێدەبینرێت. ئەفلاتون خاوەنی دەوڵەتێكی نمونەییە كە پێی وایە لەسەر بنەمای دادپەروەری و بۆ چەسپاندنی چاكەكاری دامەزراوە، دەوڵەتشار لە ئەنجامی بونی پێداویستی تاكەكان دامەزراوە، خاوەنی سیستەمی سیاسی و پەروەردە و فێركردنی تایبەت بە خۆیەتی كە شافەیلەسوف بەڕێوەی دەبات.

ئەفلاتون گرنگی زۆری بەبواری سیاسی داوە بە داڕشتنی نەخشەیەكی كاریگەر و دروستكردنی شارە نمونەییەكەی، پێی وایە دەوڵەت و سیستەمە سیاسییەكان بەپێی جۆری حوكمەكەیان دەكرێت ئەریستۆكراتی، تیمۆكراسی، ئۆلیگارشی، دیموكراسی، پاشایەتی یان زۆرداری بێت. لەنێوانیاندا ئەریستۆكراتی بەباشترین جۆری سیستەم دەزانێت. ئەفلاتون لە سیستەمە نمونەییەكەیدا ئاماژە بە میتافیزیك دەكات وەك بنەمایەكی گرنگ لە دەوڵەتشاردا، ئەفلاتون شاری نمونەیی لە بەهەشتدا دەبینێتەوە چونكە دەسەڵاتداران دەتوانن ڕاستەوخۆ لەم جیهانە كاتییەی خۆیاندا هەستی پێبكەن. بە بۆچونی ئەفلاتون، هۆكاری گۆڕان لە تەواوێتییەوە بۆ كەمهێنان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی گەردون. نەگۆڕی یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی بابەتە ڕاستەقینەیی و خواییەكان.

لەلای ئەفلاتون ئاكار بەشێكی كرداری فەلسەفەیە و بەمانای مامەڵە و ویستی كەسایەتی دێت و بەندە لەسەر بەجێهێنانی ئەركەكانی لەناو كۆمەڵدا لەپێناو دەستەبەركردنی دادپەروەری كۆمەڵایەتی. لە دیدی ئەفلاتوندا پەروەردە واتە ڕاهێنانی ڕاست و دروست كە مرۆڤی شایستە و دادپەروەر دەهێنێتە كایەوە. لەم ڕووەوە لەو باوەڕەداین، پەروەردە باڵاترین چاكەیە، كە باشترین مرۆڤەكان لێی بەهرەمەندن. سیستەمی پەروەردە لای ئەفلاتون پێویستە بەگوێرەی تەمەنی كەسەكان لە چەند قۆناغێكی یەك لەدوای یەك و ڕێكخراو بەرجەستەبكرێت.

**كلیلە وشەكان:** دەوڵەتشار، دەسەڵات، شافەیلەسوف، میتافیزیك، پەروەردە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەكی:

توێژینەوە لە دیدی سیاسی ئەفلاتون و بەتایبەتیش ئەو بنەمایانەی بۆ دەوڵەتشارە نمونەییەكەی دایناون ڕۆڵ و گرنگی زۆری هەیە لە ڕێكخستنی كۆمەڵگە و دانانی سیستەمەكانی فەرمانڕەوایی وڵاتان و جێی بایەخی توێژەرانە. لەنێوانیشیاندا، چییەتی دەوڵەتشار و بنەماكانی و جۆری سیسستەمە سیاسییەكان و چەمكی میتافیزیک، هەروەها پەیوەندی نێوان ئاكار و سیاسەت لەلایەک و سیستەمی پەروەردە و فێركردن لەلایەكی تر، ئەو بابەتانەن كە لە قوڵایی هزری سیاسی فەلسەفەی ئەفلاتون پۆلێندەكرێن، چونكە بیروبۆچونەكانی ئەفلاتون دەربارەی دەوڵەتشار بەتایبەتی و سیستەمە سیاسیەكەی بە گشتی كاریگەری بەرچاویان هەیە لەو دەوڵەتە نمونەییە وێنای دەكات. بەم شێوەیە، ئەفلاتون لەزۆربەی بەرهەمەكانیدا و بەتایبەتیش لە كتێبە بەناوبانگەكەی "كۆمار"، زۆر بەڕونی و بەوردی نەخشەی پێكهێنانی دەوڵەتشاری نمونەیی دەكێشێت و وەک ئەندازیارێكی ئەو مەیدانە پێداویستی و خاڵە بەهێز و لاوازەكانی دەخاتەڕو.

## گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەكە دەربارەی بیر و ڕوانگەی ئەفلاتون بۆ دەوڵەتشار و ئەو بنەمایانەی لەسەری بنیاددەنرێت بۆ ئەو كەسانەی دەیانەوێت زانیاری پەیدابكەن. پاشان دەكرێت لە دەوڵەتشاری نمونەیی و بنەماكانی ئەفلاتون وەک نەخشە ڕێگایەک بڕوانین بۆ چارەسەركردنی بەشێكی زۆر لە كێشەكانی كۆمەڵگامان چ لەڕوی سیاسییەوە چ لەڕوی پەروەردەیی و هەروەها لەبوارەكانی كۆمەڵایەتی و ئابورییەوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەكەمان بریتییە لە شرۆڤەكردن و ڕونكردنەوەی بۆچونی ئەفلاتون دەربارەی بنەماكانی دەوڵەتشار و پێشكەشكردنی پوختەیەكی گرنگ لە سیستەمە سیاسییەكان و چەمكی میتافیزیک و پەیوەندی نێوان ئاكار و سیاسەت هەروەها دیدی ئەفلاتون دەربارەی پەروەردە و فێركردن لەمیانەی توێژینەوەمان لە هزرە فەلسەفییەكانی ئەفلاتون. ئامانجمانە خوێنەری كورد بەگشتی و بەتایبەتیش شەیدایانی فەلسەفەی ئەفلاتون، زیاتر ئاشنابن بەبنەماكانی دەوڵەتشاری نمونەیی ئەفلاتون و بۆچونەكانی لە مەسەلەكانی پەیوەست بە تاک و كۆمەڵگە و سیاسەت و دەسەڵات و جۆرەكانی سیستەمی سیاسی و چین و توێژە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگە.

## پرسیارەكانی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: دەوڵەتشار لە دیدی ئەفلاتوندا چییە و بنەماكانی چین؟ ڕۆڵی پەروەردە و فێركردن و میتافیزیک لەو دەوڵەتەدا چییە؟ هەروەها چەندین بابەتی تر شرۆڤە و ڕاڤەكراوە لە میانی توێژینەوەكەدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## میتۆدی توێژینەوە:

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە کراوە لە بابەتی فەلسەفەی ئەفلاتون و لەبەر وردی و ئاسان تێنەگەیشتن لە بابەتە فەلسەفییەکان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە کە بەشێوەیەکی زۆر ڕون و بەزمانێکی ستاندارد و بەشێوازی شرۆڤەکاری ورد بابەتەکان بخەینەڕو و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت بەجۆرێک کە خوێنەر ئاسۆیەک دروست بکات لە فەلسەفەی ئەفلاتون و دیدە سیاسیەکەی.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە بنەماکانی دەوڵەتشار لە دیدی ئەفلاتون کە پێکدێت لە سێ باس. لە باسی یەکەمدا باس لە چییەتی دەوڵەتشار دەکات. لە باسی دوەمدا باس لە سیستەمی سیاسی و جۆرەکانی حکومەت دەکات. لە باسی سێیەمدا باس لە بنەماکانی سیاسەت لای ئەفلاتون دەکات.

## باسی یەکەم: چییەتی دەوڵەتشار

لە سەردەمی ئەفلاتوندا دەوڵەتشارەکان سنورێکی دیاریکراویان هەبو کە لەیەک شار و گوندەکانی بەرهەمهێنەری مادەی کشتوکاڵی نزیک بەو پێکدەهات. ڕێژەی دانیشتوانی دەوڵەتشارەکان جیاواز بو، ڕێژەی دانیشتوانی ئەسینا، بەناوبانگترین دەوڵەتشاری ئەو کات، کەمتر لە یەک شاری مامناوەندی ئەمڕۆ بو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون لە کتێبی یاساکاندا ئاماژە بەوە دەدات کە "پێویستە ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتشار بەجۆرێک بێت کە لەگەڵ بواری کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی دەوڵەتشاردا لە هەردو حاڵەتی ئاشتی و جەنگدا یەک بگرێتەوە" (Plato, The Laws, 737d-738a). پانتایی ئەسینا بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی تری ئاسیای ئەو سەردەمە زۆربو و زۆربەی دەوڵەتشارەکانی ئەوکات لە ئەسینا بچوکتربون (لیدمان، ٢٠٠٩، ل١٥).

لە دەوڵەتشاردا ژنان بەتەواوی مافی بەشدارییان نەبو، ئەو پیاوە ئازادانەش کە کۆچبەری دەوڵەتشارەکانی تر بون بۆیان نەبو دەستوەربدەنە کاروبارەکانی دەوڵەت. بەم شێوەیە ژمارەی ئەو کەسانەی مافخوراوی سیاسی بون زۆربو (لیدمان، ٢٠٠٩، ل١٧). کۆیلەکان بەتەواوی جیاوازبون لە دانیشتوانی ئازادی شار. سەرەڕای ئەوەی کە لە سیستەمی سیاسی گریکیدا ئازادنەبون، بەڵکو بە مرۆڤگەلێک هەژماردەکران، کە بایەخی کەمتر لە مرۆڤیان هەبو، بەڕادەیەک هەندێک کەس ئەوانیان وەک ژنان و هەندێکی دیکەشیان وەک وەحشیە بێ عەقڵەکان دەزانی(باربییە، ٢٠١١، ل٩).

### ١- مێژوی دەوڵەتشار

دەوڵەتشاری گریکی باشترین دەوڵەتشاری دێرینە، کە تێیدا ژیانی سیاسی و ژیانی کۆمەلایەتی ئاوێزانی یەکتربون. دام و دەزگا سیاسییەکان دەسەلاتی خۆیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا سەپاندبو. کۆمەڵگەش هیچ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی ئەو دەزگایانەدا نەبو. دەوڵەتشار هەمو پێداویستییەکانی ژیان و بژێوی ئەندامانی دابین دەکرد. مرۆڤەکان گەیشتبونە پلەی هاووڵاتیبون (سوڵتان، ٢٠١٦، ل٧٦-٧٧).

له دەوڵەتشاردا خزمەتگوزاری سەربازی هاووڵاتی یەکجار زۆربو، لەهەندێک شوێن تاکو (٢٠) ساڵی دەچو. هەروەها ئاین پرسێکی تایبەتی نەبو و پەیوەندی بەبیروڕا و تێڕوانینی تاکەوە نەبو، بەڵکو ڕەهەندێکی هاووڵاتیبونی هەبو و وەک بەشێکی تەواوکەری ژیانی وڵات دەژمێردرا. ئاین لەلایەن دەوڵەتشارەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دەسەپێنرا و هاووڵاتی له هەڵبژاردنی ئاینەکەیدا بەهیچ شێوەیەک ئازادنەبو (Hugh, 1992, p72).

له دەوڵەتشاری گریکدا خوێندن بەزۆر بوە. هەروەها زۆر بەتوندی ڕەخنە لەو کەسانە دەگیرا، کە زیاتر بایەخیان بە ژیانی تایبەتی خۆیان دەدا نەک کاروباری گشتی. هاووڵاتی لەبەر پەیوەستبونی بە دەوڵەتشار، نەژیانی تایبەتی هەبو، نەژیانی گشتی. هەروەها دەوڵەتشار دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوری هەبو، باوەڕنەبون و گومانکردن لەو دەسەڵاتە بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرا (Hugh, 1992, p82). ئەفلاتون دەیەوێت ئەوە ڕونبکاتەوە کە دەوڵەتی نمونەیی پێویستە بەچوار قۆناغ و سیستەمی جیاوازی دەسەڵاتدا تێپەڕببێت. بەجۆرێک هەر قۆناغێک دەرئەنجامی قۆناغەکەی پێش خۆیەتی. تیمۆکراسی دەرئەنجامی سیستەمی نمونەیی ئەرستۆکراتییە. ئۆلیگارشی دەرهاویشتەی سیستەمی تیموکراسی و دیموکراسی دەرئەنجامی سیستەمی ئۆلیگارشی و زۆرداری بەرهەمی سیستەمی دیموکراسییە (ساڵح، ٢٠٠٨، ل١١٩).

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕونبکرێتەوە ئەوەیە، چۆن شاری نمونەیی گۆڕانی بەسەردا دێت و لە ڕێڕەوی خۆی لادەدات و ڕوەو هەڵدێر دەڕوات. لەڕاستیدا هەر شتێک هاتبێتەدی لەناویش دەچێت. یان بەواتایەکی تر، ئەو شتەی سەرەتای هەبێت کۆتایشی دەبێت، کۆمەڵگەی نمونەیش بەدەرنییە لەم یاسایە (بورمان، ١٣٧٥، ص١٩٧).

باشترین دەوڵەت ئەوەیە کە لەسەر نمونە ئاسمانییەکەی دروستکرابێت. بەم جۆرە ئەوپەڕی چاکی و جێگیری تێدادەبێت. پێویستە کەسانی شایستەی شارەزا و خاوەن هزری بەهێز حکومەت پێکبهێنن. چونکە ئەگەر کاربەدەستان نەگەیشتبن بەم قۆناغە توشی گەندەڵی دەبن. هەروەها عەقڵ دەتوانرێت لەو کەسانە بەدیبکرێت کە خاوەن کاتی بەتاڵن، نەک لەوانەی کە سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی ژیانیانن (لیدمان، ٢٠٠٩، ل١٩٢). ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا بەتەواوی بڕوای وایە کە دەتوانرێت پرۆژەی دەوڵەتە نمونەییەکەی لە ژیانی ڕۆژانەی ڕاستیدا بێتە بواری ڕاستی و جێبەجێ کردنەوە. هەرچەندە بەباشی ئاگاداری زەحمەتی و ئاستەنگەکانی بەردەمی نەبو. هەروەها گرنگییەکی زۆری بەلایەنە کردەییەکانی کێشەکە نەدەدا، ئەوەی زۆر گرنگبو بەلای ئەفلاتونەوە، بونی نمونەی باڵایە لە ئاسمانەوە و ئەو دەرفەتانەیە بۆ هەر کەسێک کە خۆی ئامادەبکات بۆئەوەی جێبەجێیبکات (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل١٩٨).

دیموکراسی بەهەمو شێوازەکانیەوە لەلایەن ئەفلاتونەوە بەباشتر لە سیستەمەکانی زۆرداری دانراوە، کە لە کتێبی 'کۆمار'دا لە سەروی دیموکراسییەوە دایناوبو. لە کتێبی سیاسەتمەداردا ئەفلاتون هێشتا لەو بڕوایەدایە کە تاکەکەسەکان کامڵنین و دیموکراسی ئەو سیستەمەیە کە دەستبەرداربونی نییە و بەبێ ئەو ناتوانرێت بەر لەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

چاوچنۆکییە بگیرێت، کە بەهۆی حکومڕانییەوە دێتەئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنگیری ئەفلاتون بۆ حکومڕانی فەیلەسوفە داناکان لە کتێبی 'سیاسەتمەدار'دا هەستی پێدەکرێت (Barker, 1960, p337).

## ٢- سەرهەڵدانی دەوڵەتشار لە دیدی ئەفلاتون

ئەفلاتون پێی وایە هەرکاتێک دژایەتی کردنی سیاسی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەبو ئەوا مەترسی دابەشبونی دەوڵەت دروست دەبێت. لەبەرئەوە پێویستە کۆمەڵێک بەرژەوەندی باڵای ڕەها هەبێت، کە هەموان لەسەری هاودەنگ و کۆکبن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتیدا بن و دەوڵەت بەدوربێت لە دابەشکاری (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل١٩٤). بایەخی دەوڵەت لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئاسایشی نەتەوە و خاک و تاک دابین دەکات. مرۆڤایەتی و سەربەخۆیی و ئازدی و ئەرک و مافەکان و هێز و دەسەڵات دەبەخشێتە تاک و نەتەوە. دەوڵەت بناغەیە بۆ کلتور و شارستانیەت و دەستور و یاساکان و رزگارکەری نەتەوەیە لە گۆڕینی پێکهاتە و دیمۆگرافیای دانیشتوان (سوارە، ٢٠١٣، ل٢٧-٢٩).

لە دیدی ئەفلاتوندا، نیشانەی دەوڵەتێکی باش ئەوەیە، کە تەنها پشتی بەخۆی بەستبێت و لە دەوڵەتەکانی دیکە سەربەخۆبێت. بۆیە دەتوانێت بۆ هەمو دانیشتوانی خۆی، ئەگەری گەشەکردنی ئاکاری و دەرونی فەراهەم بکات. لەلایەکی ترەوە ئەفلاتون پێیوانییە کە گرنگترین ئەرکی دەوڵەت گەرەنتی کردنی ئاستی ژیانی باشتر بۆ خەڵک یان زیادکردنی سەرچاوە داراییەکانە. دەوڵەت پێش هەمو شتێک ئامرازێکە بۆ پێشکەوتن و گەشکردنی ئاکاری و دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە. کەموکورتییەکانی دەوڵەت کاتیک دەستنیشان دەکرێن، کە سەرنجی خەڵک بەرەو کاروباری دونیای، خۆشی ساتی و جوانی و سامان ئاڕاستە دەکرێت. لە دەوڵەتی نمونەیی ئەفلاتوندا مرۆڤەکان لەحەزی گەیشتن بە دونیایی و دەرونی، واتە جیهانی نمونەیی، دەسوتێن (لیدمان، ٢٠٠٩، ل٤٣-٤٤).

ئەفلاتون پێیوایە هەر گۆڕانێک لە دەوڵەتدا سەرەتا لە چینی فەرمانڕەواکانەوە دەستپێ دەکات. کاتێک ناکۆکی لەنێوان فەرمانڕەواکان ڕودەدات یەکدەنگی و تەباییان لەنێواندا نامێنێت. بەم هۆیەوە شار بەرەو لەناوچون دەڕوات. ئەم ناتەبایی و ناکۆکییە دەستپێکی گەندەڵی و تێکچونی شاری نمونەییە (مراغای، ١٣٨٤، ص١٤٩). ئەو شارەی ئەفلاتون دایدەمەزرێنێت، هەوڵدەدرێت چ شتێک پێویستە و باشە لەو شارە نمونەییەدا بخرێتەڕو و چ شتێک پێویستە نەبێت و لەسەر چ بنەمایەک پێویستە نەبێت بخرێتە لاوە و لەو شارە دوربخرێتەوە. هەروەها هەمو دانیشتوانی شار بەکارێکەوە سەرقاڵ نابن، بەڵکو هەریەکەیان کار و پیشەیەکیان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان دابین بکەن، بەم شێوەیە شارێک پێکدێت و تێیدا هەرکەس کارێک دەکات (بورمان، ١٣٧٥، ص١٧٨).

لەلایەکی ترەوە، ئەو دەوڵەتەی ئەفلاتون لە کتێبی یاساکان پێناسەی کردوە، تێکەڵەیەکە لە هەردو شێوازی حکومەتی پاشایەتی و دیموکراسی. بەبۆچونی ئەو، گریکییەکان بیروباوەڕیان بەرەو زیادەڕەوی بردوە. لە کاتێکدا حکومەتی چاک و لەبار کە هەردو شێواز لە خۆیدەگرێت پێویستە لەبواری سەربەستی و ملکەچکردن میانڕەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بێت. هەر دەوڵەتێک یاسا تێیدا سەروەر بێت و لە سەرەوە بێت و دەسەڵاتدارەکانی نزمتر بن لە یاسا ئەوا ئەو دەوڵەتە بەردەوام دەبێت و لەلایەن خواوەندیش پیرۆزدەکرێت (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل٢٠٨-٢١٢).

لە دیالۆگی کۆماردا ئەفلاتون ڕونی دەکاتەوە کە دەوڵەت چۆن سەریهەڵدا و ژیانی مرۆڤایەتی چۆن بوە پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت، تەنانەت لە بەشە یەکەمەکانی کۆمار، مێژوی مرۆڤایەتی دابەشدەکات بۆ دو بەش. پێش سەرهەڵدانی دەوڵەت کە دەکرێت وەک دۆخی سروشتی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێت. هەندێکجار بەدۆخی زێڕینی ژیانی مرۆڤ سەیردەکرێت بەهۆی سادەیی ژیان و خواردن و ڕەفتارەکان. دواتر دروستبونی دەوڵەت کە لەئەنجامی زۆربونی پێداویستییە ئابورییەکانەوە دێتەکایەوە لە نزیکبونەوەی چەند گوندێک لەیەکتر و پاشان بەهۆی فراوانبونی دەوڵەت، شار دروست دەبێت و جومگەکانی دادەمەزرێت(کەمال، ٢٠١٠، ل٢٥٩-٢٦٠).

بونی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا. تاکەکانی کۆمەڵگاش بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و هیچ تاکێک ناتوانێت سەربەخۆ و بێ هاوکاری کەسانی دەوروبەر بژیت. لەبەرئەوە، بونی دەوڵەت بەستراوەتەوە بەبونی ئەو کەسانەی کە کاری تێدادەکەن. بۆئەوەی دەوڵەتێکی نمونەیی پێکبهێنین، پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا زۆر چالاکانە کاربکەن (کرم، ١٩٧٠، ص٢٠١).

### ٣- بنەماکانی دەوڵەتشار

دەوڵەتشاری نمونەیی ئەفلاتون لەسەر بنەمای بەدیهێنانی دادپەروەری لە شاردا دامەزراوە بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی نمونەیی. دادپەروەریش لە دەوڵەتی نمونەییدا بەدینایەت بەبێ بونی کارابونی هەرسێ چینەکانی کۆمەڵگە. ئەفلاتون بەڕونی ئەوە دەخاتەڕو کە "جێبەجێکردنی دادپەروەری لە شاردا زۆر زەحمەتە" (Plato, The Republic, 471c-473b)، بەڵام لە گفتوگۆی نێوان سوکرات و گلاوکۆندا ئەوە بەڕونی دەردەکەوێت کە "دادپەروەری دێتەدی بەو مەرجەی فەیلەسوفەکان ببن بە شا، هەروەها پاشاکانیش وەک فەیلەسوف ڕەفتاربکەن" (Plato, The Republic, 473d). هەروەها ئەفلاتون ئاماژە بەوە دەدات، کە "دادپەروەری بەگوێرەی سیستەمە سیاسییەکان جیاوازە و هەمیشە لەبەرژەوەندی بەهێزەکان کاردەکات" (Plato, The Republic, 338e-339a).

لە کۆماردا ئەفلاتون لەسەر زاری سوکرات لە سێ ڕووەوە باس لەباشی دادپەروەری دەکات بەسەر نادادپەروەریدا، یەکەم: "کەسی دادپەروەر زیرەک و خاوەن چاکەیە، بەڵام کەسی نادادپەروەر خراپ و بیرکۆڵە" (Plato, The Republic, 349b). دوەم: "نادادپەروەری شڵەژانی دەرونی دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە کاری باش نەکات" (Plato, The Republic, 351b). سێیەم: "چاکەکاری لە بەها باڵاکانە، کەسی دادپەروەر لەژیانێکی کامەراندا دەژیت، بەبەراورد لەگەڵ کەسی نادادپەروەر" (Plato, The Republic, 352d). هەروەها ئەفلاتون ئاماژە بەوە دەدات، کە "هەر تاکێکی کۆمەڵگە خاوەنی کۆمەڵێک توانای تایبەت بە خۆیەتی، ئەنجامدانی کار و پیشەش بەگوێرەی پسپۆڕی باشترین ڕێگەیە بۆ ڕازیکردنی هەمو هاووڵاتیانی دەوڵەتشار و چەسپاندنی دادپەروەری" (Plato, The Republic, 370a-370c).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەلایەکی ترەوە، ئەفلاتون ئەوە دەردەخات، کە بۆ ئەوەی دەوڵەت بەهێزبێت و مەترسی یاخیبون و هەڵگەڕانەوە و پاشاگەردانی لەسەر نەبێت و دوربێت لە شەڕوشۆڕ و ئاژاوە پێویستە دو لایەن بەجوانی سەرنجی لێبدرێت و گرنگی پێ بدرێت. یەکەم: ئاکار و نەریت و دۆخی کۆنی کۆمەڵایەتی و سیاسی مێشکی خەڵکیان تێکداوە و دیموکراسی و دادپەروەریان لەبیربردونەتەوە. لەبەرئەوە پێویستمان بەنەتەوەیەکی نوێیە بەشێوەیەک پەروەردەیان بکەین، کە دەستەبەری مانەوەی ئەم دەوڵەتە نمونەییە ببێت. دوەم: پێویستمان بە پاسەوان و سەربازی دڵسۆزە، چونکە هەر لە سەرەتاوە مەترسی لەناوچونی دەوڵەتەکە لە ئارادایە (عەزیز، ٢٠٠٨، ل١٥٧).

ئامانجی دەوڵەتی نمونەیی کە ئەفلاتون لە کتێبی کۆمار پێشکەشی کردوە بەدیهێنانی بیروبۆچونی پیرۆزە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرزەمین لەبەرزترین ئاستدا. ئەفلاتون لە بنیادنانی دەوڵەتی نمونەیی دادپەروەر لە چەمکی وەک یەکبونی نێوان گەردون و دەوڵەت و ڕوح لە تاکێکی مرۆڤایەتی دەست پێدەکات و بیرۆکەی نمونەی ڕاستەقینەی دادپەروەری لە مرۆڤی ڕاستگۆ و گونجاو بۆ دەوڵەتی دادپەروەر پێکدێت و نوێنەرایەتی دەکات. هەروەها سێ هێزەکەی گیانی مرۆڤ (عەقڵ، توڕەیی، ئارەزو) کۆکن لەگەڵ سێ ئەرکەکەی دەوڵەت (ڕێکخستن، بەرگریکردن، بەرهەمهێنان) ئەمەش پشت دەبەستێ بەسێ توێژەکە (دەسەڵاتداران، سەربازان و بەرهەمهێنەران) کە سروشتی دەوڵەتی نمونەیی پێکدەهێنن (کرم، ١٩٧٠، ص١٠٠). ئەفلاتون پێیوایە کە نابێت دابینکردنی پێداویستی خەڵک ئامانجی سەرەکی دەوڵەت بێت. باشترین دەوڵەت، ئەو دەوڵەتەیە کە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خەڵک ڕەچاوبکات و ڕێکخەری هاوکارییەکانی نێوانیان بێت (لیدمان، ٢٠٠٩، ل١٠١-١٠٢).

لە دیدی ئەفلاتوندا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی باش پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی سروشتی باش بن. خراپی دەوڵەت هاووڵاتیان بەختەوەر ناکات، هەرچەندە ئەو هاووڵاتیانە بە سروشت چاک بن و ئارەزوی خراپەیان نەبێت. کەواتە دەبێت بەدوای دەوڵەتێکی چاک و هاووڵاتیانی چاکدا بگەڕێین. لەبەرئەوە دەوڵەت دەزگایەکی ڕوتکراوەی سەرو خواست و دەسەڵاتی هاووڵاتیان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بنەڕەتی بەبەختەوەری و چاکەکردن بۆ هاووڵاتیانەوە هەیە، لە دەوڵەتشاری ئەفلاتوندا، تاک و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. ئەفلاتون لەژێر کاریگەری دەرونناسی سەردەمەکەی گریمانەی لێکچونێکی تەواو لەنێوان تاک و کۆمەڵگەدا دەکات و تاکە جیاوازی نێوانیان لە چەندێتی ڕێژە و قەبارەیاندا دەبینێتەوە. تەنانەت لەبەشی هەشتەمی کۆماردا بۆ هەر جۆرە حکومەتێک تاکێک دەستنیشان دەکات کە هاوتا و گونجاوە لەگەڵ ئەو جۆرە حکومەتە(مراغای، ١٣٨٤، ص٥٣).

دەکرێت بگوترێت شار کۆبونەوەی تاکەکانە، بەڵام لە خودی خۆیدا بونێکی ڕاستەقینە و سەربەخۆی هەیە. کۆمەڵگە بنیاتێکە دەتوانرێت لەڕوی پێکهاتەوە بە مرۆڤ بچوێنرێت. واتە شار بەمرۆڤی گەورە و مرۆڤ بە شاری بچوک ناوبنرێت. ئەم پێوانەیە لەسەر بنەمای پەیوەندی و پەیوەستبونی دو لایەنەی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە و ناتوانرێت خوێندنەوە بۆ مرۆڤ بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت. پێکهاتەی دەرونی مرۆڤ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شار و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی تەواویان هەیە. بەواتایەکی تر دەرونناسی تاک و دەرونناسی کۆمەڵایەتی تەواوکەری یەکترن (کویرە، ١٣٨٩، ص٥١).. تا ناوەڕاست یان کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زاین،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

حوکمی ئەریستۆکراتەکان لەسەر سێ ئەستون واتە بنەمای ڕون دامەزرابو، کە هەلی دەست بەسەرداگرتنی شارە گریکییەکانی بۆ تاکەکانی ئەو چینە ڕەخسابو (محەمەد، ٢٠١٦، ل٨-٩).

**بنەمای یەکەم**: بنەمای ئابوری بو. ئەریستۆکراتەکان خاوەنی زەوی بون جا ئەو بالادەستییەیان کشتوکاڵی بێت یان ئاژەڵداری. ئەو بەروبومە ئابوریانەش هێشتا پێداویستی دانیشتوانی کۆمەڵگەی گریکی دابین دەکرد کە هێشتا فراوان نەبوبو داواکاریەکانیشیان زۆر سادەبون. بەم شێوەیە ئەرستۆکراتییەکان بەزاڵبونیان ئەو تاکە بەروبومە یان ئەو بەروبومە سەرەکییە، توانیان دەست بەسەر دواڕۆژی کۆمەڵگەی گریکییدا بگرن (یەحیا، ٢٠١٤، ل١٠٧).

**بنەمای دوەم**: بریتییە لە لایەنی سەربازی. بارودۆخی وڵاتی گریک وایکردبو تاکەکانی چینی ئەرستۆکراتی دەسەڵاتیان بەسەر هێزی سەربازیدا بشکێت لە وڵاتدا. شەڕ لەنێوان شارە گریکییەکاندا قەبارەکەی دیاریکراو بو. پارسەنگی قەبارەی دیاریکراوی ئەو بەرژەوەندییە ئابورییە بو، کە ناوچەییبو و لە بنەڕەتدا لە دەوری ماڵ و سامانی ئەرستۆکراتییەکان دەسوڕایەوە لەوەی لەزەوی کشتوکاڵی و شوانکاری هەیانبو. پاشان لەو کاتەدا شەڕ لەنێوان شارەکان لە هێرشی ئاڵوگۆڕ لەنێوان ئەو شارانەدا زیاتر نەبو، کە دەکرێت بەو هێرشانەی بچوێنین کە لە نیمچە دورگەی عەرەبی و بەر لە ئیسلام خێڵێک دەیکردە سەر ئەوەی دیکەیان دواتر هێزی چەند سوارچاکێک بەسبو بۆ ئەوەی بەرەو ڕوی ئەو هێرشانە ببنەوە (Cary and Haarhoff, 1961, p. 225).

**بنەمای سێیەم**: بنەمای یاساییە. حوکمی ئەرستۆکراتی هۆکارێک بو بۆ یەکخستنەوەی دەوڵەتشارەکانی گریکی کە پێشتر لەسەر بنچینەی خودایی دامەزرابون و لەسەر بنەمای یاسایی دانەمەزرابون، کە سەرجەم مافەکانی تێدا پارێزراوبێت. وردەوردە وای لێهات وڵات لەلایەن دەستەیەکی هەڵبژێردراوی ئەرستۆکراتی، لەڕێگەی پەرلەمانەوە بەڕێوەدەبرا. لەسەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایندا، یاساکانی چینی ئەرستۆکراتی دەسەڵاتدار لە هەمو شارەکان گەیشتبونە پلەیەکی بەرزی پەسندکردن و داوادەکرا لە ڕێکخستنێکی یاسایی ڕوندا پلەبەندبکرێن. شارەکانیش یاساکانی تایبەت بەخۆیان دەرکرد، بەم شێوەیە یاسا شوێنی هێزی گرتەوە لە بڕیارداندا (Finley, 1966, p. 175).

لەدەوڵەتە نمونەییەکەیدا ئەفلاتون دانیشتوان بۆ چوار چینی موڵکدار دابەش دەکات، هاووڵاتیانیش بەپێی گۆڕانی باری سەروەت و سامانیان لە چینێکەوە دەچنە چینێکی دیکە. هەروەها پێویستە سنورێکی تایبەت دابنرێت کە سنوری سامان و هەژاری دیاری بکات. هەروەها تاکەکانیش خاوەنی زێڕ و زیو نابن (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل٢٠٦).

لە دەوڵەتشاردا چەند دامەزراوەیەکی سیاسی گرنگ هەبون، کە بەیەکەوە کارەکانی دەوڵەتیان بەڕێ دەکرد، لەوانەش:

**١- کۆمەڵەی (کۆنگرەی) گشتی**: ئەم دەستەیە بەنوێنەری ڕاستەقینەی گەلی دەوڵەتشار دادەنرا و پێکهاتبو لە هاووڵاتیانی ئازادی دەوڵەتشار کە تەمەنیان گەیشتبوە بیست ساڵ. بەرزترین دەسەڵاتیان هەبو لە شاردا(ساڵح، ٢٠٠٨، ل٣٣-٣٤). لانیکەم (دە) جار لە ساڵێکدا ئەندامەکانی کۆدەبونەوە بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر مەسەلەکانی شەڕ و ئاشتی و ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە و چاودێری بودجە و دانانی باج و لێپرسینەوە لە بەرپرسەکانی تری دەسەڵات و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی گەل. هەروەها کۆبونەوەی نائاسایی لەسەر داوای کۆمەڵەکە بۆ بۆنە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

تایبەتەکان سازکراوە. بەم شێوەیە، لەم کۆمەڵەیەدا سیستەمی دیموکراسی لەسەر بنەمای ڕاوێژکاری لەو سەردەمەدا پەیڕەوکراوە (الشیخ، ١٩٩٦، ص٥٩-٦٢).

**٢- ئەنجومەنی پێنج سەدی**: ئەنجومەنی پێنج سەدی بەلیژنەی ناوەندیی کۆمەڵە یان کۆنگرەی گشتی دادەنرا و دەزگای حکومەتی هەمیشەیی بو کە کارەکانی لەنێوان خولەکانی کۆبونەوەی کۆمەڵەکەدا ڕادەپەڕاند و چالاکییە سیاسیەکانی بەڕێوەدەبرد. ئەم ئەنجومەنە لە (پێنج سەد) کەس پێکدەهات کە نوێنەرایەتی (دە) هۆزی دەوڵەتشاریان دەکرد و ماوەی ئەندامێتی تێیدا تەنها یەک ساڵ بو (الشیخ، ١٩٩٦، ص٦١-٦٢).

لێپرسراوێتییەکانی ئەنجومەنی پێنج سەدی لە دەسەڵاتی یاسادانانداا کورتدەبونەوە. بەجۆرێک، پێشنیاری یاساکانی دەکردن و دەیخستنە بەردەم کۆنگرە و سەرپەرشتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیشی دەکرد. هەروەها ئەنجومەنەکە ئەرکی پەیوەندیکردن بە دەزگا سیاسییە بیانییەکان و جێبەجێکردنی فەرمانی دادگا و سەرپەرشتی و چاودێری باجدانی لە ئەستۆ دەگرت. لەبەرئەوە، دەسەڵاتی ئەنجومەنەکە هەرسێک جۆری دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکردنی لەیەک کاتدا پێکدەهێنا و پیادەی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجومەنەکە هەر لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی گشتیدا بو (ساڵح، ٢٠٠٨، ل٣٦-٣٧).

**٣- دادگاکان**: دادگاکانی گریک مافی ئەوەیان هەبوە دەست لەکاروباری فەرمانبەرانی کارگێڕی وەربدەن و سەرپەرشتی هەڵسوکەوتەکانیان بکەن لەڕێگەی پێداچونەوەی کارەکانیان و مامەڵە داراییەکانیان پاش تەواوبونی ماوەی خزمەتیان. هەروەها دەیانتوانی هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانبەراندا بڕیار لەسەر لێوەشاوەییان بدەن. بەڵام ئەم هەڵسەنگاندن و چاودێرییە جەنەڕاڵەکانی ناو سوپای نەدەگرتەوە. چونکە ئەوان مافی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەیان هەبو (الشیخ، ١٩٩٦، ص٤٠).

دادگاکان مافی یاسادانان و کارکردن بە یاساکان و ڕاگرتنتیان و هەمواركردنەوەی یاساکانیان هەبو. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دادگاکانی دەوڵەتشار سنوری دەسەڵاتی خۆیان تێپەڕاندبو، کە تەنها مامەڵەکردن بو لەگەڵ مەسەلە تاکەکەسییەکاندا لەبەرەئەوەی دەستیان دەبرد بۆ باڵاترین بەشەکانی دەسەڵات و یاسادانان (ساڵح، ٢٠٠٨، ٣٨-٣٩).

بەم شێوەیە، بەشداری ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتشار ڕێگەخۆشکەر بوە تاکو دەستێوەردانێکی وەزیفی لە دەزگا و دامەزراوەکانیدا بکات. بەجۆرێک هیچ کام لە سێ دامەزراوەکانی کۆمەڵەی گشتی، ئەنجومەنی پێنج سەدی و دادگاکان قۆرخ نەکرابون لەلایەن یەکیک لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن یان دەسەڵاتی دادوەرییەوە، بەڵکو هەمویان بەیەکەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبوە (Pomeroy, 2004, p138).

**٤- سیستەمی دو پاشا**: دو پاشا لە دو هۆزی بەناوبانگی دەوڵەتشار بەیەکەوە حوکمڕانییان دەکرد (بکر، ٢٠٠٢،ص٩٩). ئەم دو پاشایە هەڵدەستان بە سەرکردایەتیکردنی جەنگەکان و چاودێری کارەکانی یەکترییان دەکرد و هەریەکەیان سەرپەرشتیار بو بەسەر کارەکانی ئەوی ترەوە، شوێن و پێگەی تایبەتییان هەبو لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتە کۆمەڵایەتی و ئایینی و وەرزشییەکاندا (حسین، ١٩٩٨، ص١٤٧). دوای مردنیان ڕێوڕەسمی تایبەتییان بۆ سازدەکرا و هەر لە بنەماڵەی خۆیان دو پاشای دیکە هەڵدەبژێردرانەوە (الناصري، ١٩٩٨، ص١٧٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٥- ئەنجومەنی پیران:** ئەم ئەنجومەنە سەرەڕای ئەندامێتی هەردو پاشاکە، پێکهاتبو لە (٢٨) ئەندامی چینی ئەرستۆکراتی کە لەلایەن گەلەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی هەڵدەبژێردران (خليفة، ١٩٢٩، ص١٠). ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە پێویست بو تەمەنیان لە (٦٠) ساڵ کەمتر نەبێت. ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەش بریتیبون لە یەکلاکردنەوەی مەسەلەکانی تاوان و ئامادەکردنی کارنامە و پرۆژەکانی کۆمەڵەی گشتی و تاوتوێکردنی ئەو مەسەلانەی دەخرێنە بەردەم ئەو کۆمەڵەیە و ئەنجامدانی ئەرکە کارگێڕی و ڕۆتینییەکانی دەوڵەت و سەرپەرشتی چالاکی بازرگانی (سالح، ٢٠٠٨، ل٤٣-٤٤).

**٦- کۆمەڵەی گشتی گەل:** ئەم ئەنجومەنە لە سەرجەم هاوولاتیانی دەوڵەتشار پێکهاتبو. بە بەردەوامی مانگانە کۆبونەوەی ئەنجام دەدا (حسين، ١٩٩٨، ص١٤٨). ئەم کۆمەڵەیە بۆی نەبو دەست بۆ ئەو مەسەلانە ببات کە ئەنجومەنی پیران یەکلایدەکردنەوە، بەڵکو هەر مەسەلەیەک کە بۆلای ئەم کۆمەڵەیە هێنرابایە، دەبوایە سەرەتا ئەنجومەنی پیران یەکلاییکاتەوە. بەلام ئەرکی ئەوە بو کە لەبری هەمو گەل هەڵدەستا بە کاندیدکردنی هەمو ئەو کەسانەی کە پۆستە گشتییەکانی دەوڵەتیان وەردەگرت. هەروەها پەسەندکردنی بڕیاری جەنگ و بەرقەرارکردنی ئاشتی و یەکلاییکردنەوەی ئەو مەسەلانەی ڕوبەڕوی سەرۆکایەتی دەبونەوە لە ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەبون(السيد، ٢٠٠٧، ص٥٢).

**٧- ئەنجومەنی دادوەری (راوێژکاران):** ئەم دەستەیە لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرا و لە (پێنج) ئەندام پێکهاتبو (خليفة، ١٩٢٩، ص١١). ماوەی دەسەڵاتی ئەم دەستیە تەنها یەک ساڵبو. بەرپرسبون لە پاراستنی سیستەمی گشتی سیاسی و ژیانی هاوولاتیان لەڕوی هەڵسوکەوت و مامەڵەیانەوە لەبەرامبەر دەسەڵات (حسين، ١٩٩٨، ص١٤٩).

هەروەها ئەرکی چاودێریکردنی کارەکانی هەردو پاشاکانیشی لە ئەستۆدا بو، بەتایبەت کاتێک دەچون بۆ جەنگ پاشاکان دو ئەندام لەو ڕاوێژکارانەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ چاودێریکردنی ئێش و کارەکانیان و دەرخستنی ئازایەتییان لە مەیدانی جەنگدا بەبێ ئەوەی هیچ دەستێوەردانێکی تێدابکەن. لەلایەکی ترەوە، ڕاوێژکارەکانی دەوڵەتشار بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بە ئەنجامگەیاندنی دیدار و کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ولاتانی دەرەوەبون و ئامادەی گرێبەست و پەیمانە سیاسی و بازرگانییەکان بون (الناصري، ١٩٩٨، ص١٧٧).

لەلایەکی ترەوە، وەک هەوڵێک بۆ سەلماندنی بنەمای چینایەتی دەوڵەتە نمونەییەکەی، بە گەواهی مێژویی ئەفلاتون پەنا بۆ دابەشکردنی کار دەبات. بۆیە پالتۆن لە پێناسەکردنی شاردا دەڵێت: شار نیشتەجێیەکە خەڵکێک لەخۆدەگرێت پێویستی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت باشترین شێواز بۆ بەدەنگەوە هاتنی شار ئەوەیە کە گشت هاوولاتییەک پسپۆڕ بن لە مەیدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان. هەروەها ئەفلاتون زۆر گرنگی دەدات بە ؛درۆی سپی' و دەڵێت: گشت کەسێک لە زەوی دروست بوە. بۆیە پێویستە بەتەنگ ئەو نیشتیمانەوەبن کە لێی دەژین. هەروەها پێویستە بەرگریشی لێبکەن و وەکو برایەکیش مامەڵە لەگەڵ هاوولاتییەکانی دیکەدا بکەن (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل١٩٠). لەبەرئەوە، دەربارەی چینەکان لە دەوڵەتشاردا، ئەفلاتون کۆمەڵگە دابەشدەکات بەسەر سێ چینی فەرمانڕەواکان و پاسەوانان و پیشەوەران، بەم شێوەیەی خوارەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**أ- فەرمانڕەواكان**: یەكەم چینی شاری نمونەیین، هەروەک لە ناوەكەیانەوە دیارە، بەڕێوەبەر و فەرمانڕەوای دەوڵەتن. لەناو پاسەوانانادا هەڵدەبژێردرێن و بە فەرمانڕەوای فەیلەسوف ناسراون. ئەمانە پێویستە كەسانی "تێگەیشتو و خاوەن ژیری تەواو و بەتەمەن و بەهێزبن، تەنها ئەو كارانە بكەن كە بەرژەوەندی گشتی وڵاتیان تێدایە" (Plato, The Republic, 412b-414b).

بەبۆچونی ئەفلاتون دەسەڵاتداران كە بەرزترین چینی كۆمەڵگە پێكدەهێنن نابێت زیاتر لە ژێردەستەكانیان ئازادی هەڵبژاردنیان هەبێت. دەبێت هەموان بەباشترین شێوە ئەركی خۆیان ئەنجام بدەن و هەر كەسێک بەپێی بەهرە و بارودۆخی، پێگەیەكی دیاریكراوی لە پەیژەبەندی كۆمەڵایەتیدا هەبێت. دەبێت ژێر دەستەكان بێ ئەملاولا پەیڕەوەی لە باڵادەستی خۆیان بكەن و باڵادەستەكانیش بەرپرسن، كە بەشێوەیەكی دروست فەرمان دەربكەن. ئەفلاتون لەو باوەڕەدایە، كە دەبێت دەسەڵاتداران وردبین بن تا زانیاری هەڵە لە كۆمەڵگەدا بڵاونەبێتەوە و شێوازی ژیانی هەڵە لە كۆمەڵگەدا نەبێتەباو. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دەسەڵاتداران بزانن كە خەڵک دەكەوێتە كاریگەری چ شتێكەوە. ئەم چاودێرییە دەبێت لە منداڵییەوە جێبەجێ بكرێت. بە شێوەیەكی گشتی ئەفلاتون نیگایەكی باشی دەربارەی ئازادی نییە (لیدمان، ٢٠٠٩، ل٤١).

ئەفلاتون لەسەر زاری سوكراتەوە جەخت لەوە دەكاتەوە كە "پارێزەرانی دەوڵەت پێویستە بەشێوەی كۆمەڵ بژین و خاوەنی ماڵ و سامانی تایبەت بەخۆیان نەبن، چونكە ئەگەر خاوەنی ماڵ و سامانی تایبەتی خۆیان بن ئەوا دەوڵەتشار بەرەو لەناوچون دەبەت" (Plato, The Republic, 416d-417b). شایانی باسە ئەفلاتون تەنها ئاماژە بە هاوبەشی ماڵ و سامان ناكات، بەڵكو "پێویستە هاوبەش بن لە ژن و منداڵیشدا" (Plato, The Republic, 457b-c). ئەفلاتون نمونەی فەرمانڕەوایان وەک نمونەی كەشتیوانیک باس دەكات و دەڵێت: "كەشتیوانی ڕاستەقینە پێویستە بە دڵنیاییەوە ئاگاداری وەرزەكان، كەشوهەوای ئاسمان، ئەستێرەكان، دۆخی با و هەمو شتیكی گونجاو بدات ئەگەر بەڕاستی بیەوێت كەشتیوانی بكات" (Plato, The Republic, 6488d). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كە فەرمانڕەوایان پێویستە زۆر زانا و لێهاتوبن و لە هەمو زانستەكان شارەزا بن.

هەروەها دەبێت فەرمانڕەوایان سەرقاڵی یاساكان بن. یاساگەلێک كە چوار كاری گرنگ لەخۆبگرن: هاوبەشێتی ژنان و نەوەكان، ڕاهێنانی وەرزشی و ئاكاری بۆ پیاوان و ژنان وەک یەک، پەروەردەكردنی زانستی و سیاسی، بیمەكردنی پێشەوایەتی دەوڵەت بەهۆی فەیلەسوفەكانەوە. هەروەها فەیلەسوف پێویستە لەسەری كە پارسەنگی ڕاستی و دڵنیابون بدات بەسەر گوماندا. پێویستە شا فەیلەسوف بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت واز لە بەرژەوەندی خۆی بێنێت. دڵسۆز و خەمخۆر بێت. ئەمانە ئەو كەسانەن كە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە پەروەردەكراون و لەژێر چاودێریدابون (سەعید، ٢٠٠٩، ل١٠٥).

**ب- پاسەوانان**: ئەفلاتون چینی دوەمی كۆمەڵگەی شاری نمونەیی بە پاسەوانەكان دەناسێنێت. ئەركی پاسەوانان بریتییە لە پارێزگاریكردن لە چینی فەرمانڕەوایان و پیشەوەران. ئەم چینە هەر لە منداڵییەوە لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵدەبژێردرێن و ڕاهێنانیان پێدەكرێت، هەمو پێداویستییەكیان بۆ دابیندەكرێت. ئەفلاتون دەڵێت: "پێویستە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پاسەوانان وەک سەگ وابن، بۆ هاووڵاتییەکانی خۆیان نەرم و نیان و وەفاداربن، بەڵام بۆ دوژمنەکانیان دڕ بن" (زکریا، ٢٠٠٥، ص١٢٥). ئەفلاتون لە کتێبی کۆماردا بەڕونی ئاماژە بەوە دەکات، کە "درۆی پیرۆز لە دو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم: پاسەوانەکان پێیان دەوترێت کە پرۆسەی پەروەردەکردنیان تەنها خەونێک بوە، چونکە لە ڕاستیدا هەر لە سروشتەوە ئەوان ئامادەکراون و ئازادکراون بۆ ئەوەی بە ئەرکی پاراستنی دەوڵەتشار هەڵبستن (Plato, The Republic, 414d-e). دوەم: "خوا لە ڕۆحی فەرمانڕەواشیاندا تێکەڵەیەک لە زێڕی داناوە، لە ڕۆحی پاسەوانانندا زیوی داناوە و لە ڕۆحی پیشەوەراندا ئاسنی داناوە. ئەمەش ئەو درۆ پیرۆزەیە کە هەمو خەڵکی دەوڵەتشار باوەڕی پێیهێناوە" (Plato, The Republic, 415a-c).

**ج- پیشەوەران:** ئەمانە زۆرترین بەشی کۆمەڵگە پێکدەهێنن و باشترین دەستی کار و بەرهەمهێنن بۆ دو چینەکانی تری شاری نمونەیی. کرێکاران و بازرگانان و جوتیاران ئەم چینە پێکدەهێنن کە لە کۆمەڵگەدا ئازادن لە وەچەخستنەوە و خواردن و خواردنەوە و لەبەدیهێنانی حەز و ویست و ئارەزوەکانیان هیچ سنورێکیان نییە. دەتوانن ببنە خاوەن موڵک و سامان، چێژ وەربگرن لە هەمو شتەکان، لەڕاستیدا بەرازانە دەژین (Kemerling, 2011, p5). ئەم چینە بەنزمترین چینی دەوڵەتشار دادەنرێت. ئەرکیان پڕکردنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانی چینەکانی تری دەوڵەتشارە و سەرجەم ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە بە پرۆسەی ئابورییەوە خەریکن (مێهرئارا، ٢٠٠٥، ل٥٤).

کەواتە هەر چینێک ئەرک و ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی هەیە و هەر تاکێک پێویستە بەپێی ئەو ئاستەی هەیەتی لە یەکێک لەم چینانە دابنرێت و شوێنی شیاوی خۆی بگرێت. ئەوەی جێی سەرنجە دەربارەی ئەم چینانە ئەوەیە، ئەفلاتون مرۆڤ سنورداردەکات بەوەی کە هەرکەسێک هاوشێوەی خۆی دەخاتەوە، جگە لە حاڵەتی شاز نەبێ (Burnyeat, 1997, p250).

میانڕەوی و دادپەروەری تایبەت نین بە چینێکەوە، بەڵکو پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان چینەکان. ئەفلاتون ئەم فەزیلەتە بە جۆرێک لە هەماهەنگی دەزانێت. بوێری و حیکمەت هەریەکەیان تەنها لە بەشێک لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەوە بەسە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەبوێر و دانا ناوزەدبکرێت، بەڵام میانڕەوی تایبەتمەندییەکە کە لە کۆی کۆمەڵگەکەدا هەیە. لەڕاستیدا میانڕەوی هەمان هاوڕایی و هاوباوەڕی هەمو تاکەکانە بە پایە بەرز و پایە نزم، لەوەدا کە چ لەناو تاک و چ لەناو کۆمەڵگە کامە بەش پێویستە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر بەشەکانی تردا (بهرامی، ١٣٨٨، ص١٤٨).

## باسی دوەم: سیستەمی سیاسی و جۆرەکانی حکومەت

بەبۆچونی ئەفلاتون حکومەت و سیستەمە سیاسیە جۆراوجۆرەکان لە ئاکار و ڕۆحە دەرونییەکانی ئەو کەسانەوە سەرچاوەدەگرن کە بەگونجاوی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا دەژین. ئەم سیستەمانە بەهیچ شێوەیەک لەخۆوە پەیدانەبون (مراغێئی، ٢٠٠٥، ل١٣٤). ئەفلاتون لەڕێگەی یاساکانیەوە پاسەوانی لە دەوڵەت دەکرد لە دژی هەر شتێک کە کاریگەری خراپی هەبێت و زۆر بە توندیش دژی تێکەڵبونی هاووڵاتیان بو لەگەڵ خەڵکی بیانی. لەپاڵ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەمەشدا ئەفلاتون دەڵێت دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە چاودێر بنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسا بیانییەکان و بەکارهێنانیان بە ئامانجی سودوەرگرتن لە ئەزمونی گەلانی دیکە (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل٢١٦).

ئەفلاتون بڕوای هەبوە بە گۆڕان و یەک بەدوای یەکداهاتنی جۆرە جیاوازەکانی حوکمڕانی وەک خولانەوە بەشێوەی بازنەیەکی داخراو. ئەمەش وای لێکرد بەراوردکردنێکی دیاریکراو لەنێوان پێنج شێوازە جیاوازەکانی حکومەتدا بکات (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل١٩٧). بەم هۆیەوە، ئەفلاتون سیستەمە نمونەییەکەی خۆی و هەمو سیستەمە خراپ و بەدکارەکان، یان بە واتایەکی تر، هەمو شارە نانمونەییەکان یەک بەدوای یەک بەپێی ئاستی گەندەڵی و خراپییان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەند دەکات (سوڵتان، ٢٠١٦، ل٨٣-٨٦).

## ١- ئەرستۆکراتی

باڵاترین و باشترین شێوازی فەرمانڕەوایی کردنە. حکومەتی دانا و ژیر و چاکەکارانە و بەڕاستی دادپەروەرە. ئەو ڕژێمەیە کە ئەفلاتون مەبەستی بوە دایبمەزرێنێت و دەوڵەتی مرۆڤە باشەکانە (سوڵتان، ٢٠١٦، ل٨٣-٨٤). هەرچەندە ئەریستۆکراتەکان باشی خۆیان بۆ ڕەچەڵەکەکانیان دەگەڕاندەوە، بەڵام ئەرستۆکراتی ڕژێمێکی نەریتی نییە. ئەرستۆکراتی ئەفلاتون ڕژێمێکی ڕۆحییە و ئەفلاتون باوەڕی بەنایەکسانی سروشتی مرۆڤ هەیە و ئەفلاتون لایەنگیری ئەم جۆرە ڕژێمەی حکومڕانییە (محەمەد، ٢٠١٦، ل٤٢).

لە حکومەتی ئەرستۆکراتیدا دەسەڵاتداری وڵات پێویستە شا فەیلەسوف بێت. سیستەمێکە تێیدا دەوڵەتێکی پەروەردەیی بنیاتدەنرێت بەبێ جیاوازی بۆ هەردو ڕەگەزی نێر و مێ. فەرمانڕەوایانی دەوڵەت سەرقاڵی بەڕێوەبردنی وڵات دەبن. لەلایەن دەوڵەتەوە موچەی ساڵانەیان بۆ دابین دەکرێت. حکومەتی چاکەکار لەلای ئەفلاتون ئەو حکومەتەیە کە شا فەیلەسوف حکومڕانی دەکات و لە سیاسەت و بڕیارەکانیدا شوێن عەقڵی دەکەوێت و نمونەیەکی باڵا پێشکەش دەکات. ئەم جۆرە حکومەتە یەکەم نمونەی شاری ئاسمانییە. لەلای ئەفلاتون حکومەتی چاکەکەر (فازیلە) بریتییە لە حکومەتی ئەریستۆکراتی. حکومەتەکانی تر لە دیدی ئەفلاتوندا هیچیان باش نین (الأهواني، ١٩٧١، ص١٣٨-١٣٩).

## ٢- سیستەمی تیمۆکراسی

سیستەمێکی حکومڕانییە کە تێیدا شکۆمەندی و سەرکەوتنی سەربازی لە هەمو شتێک زیاتر بەهادارە. واتە لەم شارەدا شکۆمەندی و بوێری فەرمانڕەوایە لەجیاتی دادپەروەری و عەقڵ (Plato, The Republic, 547d). سیستەمێکی سەربازییە و دەکەوێتە نێوان هەردو سیستەمی ئەرستۆکراتی و ئۆلیگارشییەوە. لەم جۆرە سیستەمەدا بەربەست هەیە لەبەردەم دادپەروەریدا، بەڵام بەڕواڵەت کارایە. کۆنترۆڵی دەوڵەت لەژێر دەستی فەیلەسوفەکاندا نییە و دارمان پێویستییەکی لۆجیکی هەیە. تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤی تیمۆکرات چاوچنۆکی و بەخۆنازینیەتی. لە بەرامبەر دەسەڵاتداران ژێرفەرمان و زەبونە. هەمیشە دەخوازیت بگاتە پلەی فەرمانڕەوایی و هەوڵدەدات لەڕێگەی ئارەزوەکانییەوە دەستەبەری بکات نەک بەهۆی توانا و لێهاتوییەکانی خۆیەوە. لە تەمەنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

گەنجیدا چاوی زۆر لەسەر سەروەت و سامان نییە، بەڵام تا بەتەمەنتربێت چاوچنۆکتر دەبێت. حەزی لە هێز و پلە و پایەیە و هەمیشە چاوەڕوانی جەنگە (محەمەد، ٢٠١٦، ٣٨-٣٩).

کەسی تیمۆکرات ژێری کردۆتە کۆیلەی ئیرادەی و شاری تیمۆکراسی شارێکی نادادپەروەرە، کە فەیلەسوف تێیدا دەرفەتی ژیانی نییە. بەڵام سەرەڕای هەمو ئەم شتانە ئەفلاتون پێیوایە ئەم جۆرە شارە لە شارە نامونەییەکانی تر باشترە. چونکە بوێری و شکۆمەندی لە باڵاترین بەها ئاکارییەکان نین، بەڵام لە بەها ڕاستەقینە و بنەڕەتییەکان هەژماردەکرێن. بێگومان کەسێک کە لە شاری تیمۆکراسیدا دەژی لە هەوڵی بەدەستهێنانی ناوبانگ و شکۆمەندییە بۆخۆی نەک بۆ شار، بەڵام تەنیا لەڕێگەی خزمەتکردن بە شار دەگاتە ئامانجەکەی، هەروەک دەردەکەوێت هێزی ئیرادە لەکەسی تیمۆکرات بەشێوەیەکی ڕەها فەرمانڕەوانییە و بەتەنیا لەدژی هێزی ژێر شۆڕش ناکات، بەڵکو هێزی ئارەزویش هاوکارە لەگەڵی و ئەو بەلاڕێدا دەبات (بورمان، ١٣٧٥، ص١٩٨).

## ٣- سیستەمی ئۆلیگارشی

سیستەمی ئۆلیگارشی سیستەمێکی حوکمڕانییە، کە تێیدا کەمینەیەکی زەنگین جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستدایە، لەسەر بنەمای چاوچنۆکی و بەرژەوەندخوازی فەرمان بەسەر دانیشتوانیدا دەکات. وشەی (Oligarch) وشەیەکی گریکییە بەمانای (کەم) دێت. واتە دەسەڵاتی ئۆلیگارشی دەسەڵاتی کەمینەیە بەسەر زۆرینەیەکی ڕەهادا. لە دەوروبەری سەدەی هەشتەمی پێش زایینیەوە، زۆربەی دەوڵەتشارەکانی گریک لەلایەن کەمینەیەکی باڵا و دەسەڵاتداری چینی ئەرستۆکراتییەوە بەڕێوەدەبران(فهمي، ١٩٩٩، ص٣٥).

ئەم جۆرە حکومەتە حکومەتی دەوڵەمەندە چاوچنۆکەکانە. کە هەرچەند بتوانن سەروەت و سامان کەڵەکە دەکەن و سنورێک بۆ چاوچنۆکییان نییە. وایان لێدێت هەروەک ئەفلاتون دەڵێت 'زێڕ و زیویان لا پیرۆز دەبێت و تەنانەت وەک پەتایەک چاوچنۆکی دەگوازرێتەوە بۆ هاوولاتیان و هەریەک لەلای خۆیەوە دەستدەکات بە ڕاووڕوت و پێکەوەنانی سامانی نایاسایی و ژمارەی ماستاوچییەکان زیاددەکات. بەمەش هەموان وردەوردە دەبنە کۆیلەی سامان و یەکێتی دەوڵەت هەڵدەوەشێت و دو جەمسەر دروست دەبن، کە بریتین لە گروپی دەوڵەمەندان، کە هەمو شتێک لە دەست خۆیاندا دەهێڵنەوە و هەژاران کە خاوەنی هیچ نین و هەردو لایان بەردەوام دژی یەکتر پیلان دەگێڕن(سوڵتان، ٢٠١٦، ل٨٤-٨٥).

لەژێر دەسەڵاتی ئۆلیگارشیدا، "دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارکانیش هەژارتربون" (Plato, The Republic, 555c-d). لەبەرئەوە ئەفلاتون ئۆلیگارشی وەک شێوازێکی گەندەڵ و قەڵپ ناساندوە و ڕەخنەی لە سیستەمە تازە و هاوچەرخەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆلیگارشی گرتوە(نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل٢٣٠). لەئاکامدا، خەڵکانێکی زۆر کە دەوڵەمەندنەبون ڕقیان لە ئۆلیگارشییەکان هەڵگرت و هەژارەکان بەڵێنی باشترکردنی ژیانیان لێوەرگرتن، بەتایبەت لەوانەی کە سەرکردایەتی جەنگەکانیان دەکرد. لە کۆتاییدا، سەرکردە جەنگاوەرەکان بە پشتیوانی خەڵک و سەربازەکانیان کۆتاییان بەدەسەڵاتی ئۆلیگارشی هێنا (سالح، ٢٠٠٨، ل١٩).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٤- دیموكراسی**

سیستەمێكی حكومڕانییە كە تێیدا زۆرینەی خەڵكی جڵەویان بەدەستەوەیە، یان ناسراوە بە شاری ئازادی، واتە شاری بێ سەر و بەری ڕەها. زاراوەی دیموكراسی بەواتای (دەسەڵاتی گەل) یان (حوكمی گەل) دێت. بە شێوەیەكی تر، گواستنەوەی هەڵبژاردنی دەسەڵاتە لەلایەن كەمینەیەكی دەسەڵاتدار یان خۆسپێنەرەوە بۆ زۆرینەیەكی ڕەها(عكاشة و آخرون، ١٩٩٠، ص١٣٢). سەرەتاكانی ئەم جۆرە تازەیەی دەسەڵات لە گریك دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەرەتاكانی سەدەی پێنجەمی پێش زاین، كاتێك دانیشتوانی گریك بۆ یەكەمجار لە مێژودا، هەوڵی دامەزراندنی شێوازێكی دەسەڵاتداریان دا كە خۆیان بەشداری ڕاستەقینەیان تێیدا هەبێت.

دیموكراسی لە دەوڵەتشارەكانی گریكدا گوزارشت بو لە دەسەڵاتێكی دامەزراو لەسەر بنەماكانی ئازادی تاكەكەس، یەكسانی كۆمەڵایەتی، یەكسانی لەبەردەم یاسا و لە ئەرك و مافدا، دادپەروەری و دەسەڵاتی گەل (توشار، ١٩٨١، ص٢٩-٣٢). لەلایەكی ترەوە، لە دیموكراسی گریكدا، تەنها یەك لەسەر پێنج یان یەك لەسەر شەشی هاووڵاتیانی گەورەساڵ خاوەنی مافی دیموكراسی بون. بۆ ئەم بەشە لە دانیشتوان ڕێگای زۆر بۆ كاریگەری دانان لەسەر سیاسەت بونی هەبو. لە ڕوانگەی لایەنگرانی دیموكراسییەوە، ئەمە بنەمایەكی بنچینەیی بو كە هەمو هاووڵاتییەكی ئازاد تەنها بەهۆی هاووڵاتیبونی توانای بەشداریكردنی لە كاروباری شاردا هەبو و دەیتوانی بەرپرسیاریەتییەكی حكومەت لەئەستۆبگرێت(لیدمان، ٢٠٠٩، ل١٩).

هەرچەندە لە سیستەمی دیموكراسیدا "سەرجەم خەڵك بەیەكسانی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت"(Plato, The Republic, 558c)، ئەفلاتون پێی وایە كە دیكتاتۆری خراپترین جۆری حكومەتە كە بە نایاسایی دامەزراوە و گشت هاووڵاتییە دیار و بەرچاوەكان لەناو دەبات بەهۆی ئەوەی كە وەك دوژمنێكی بەهێزی ستەمكار دادەنرێت. ئەو ستەمكارە گومان دەبوژێنێتەوە و بۆچونی ئازاد دەخنكێنێت و ڕاوەدوی گشت ئەو كەسانە دەنێت كە ئازا و بەجەرگن و بە بیانوی خیانەتكردن و دەیانخەنە لیستی تاوانەوە كە دوریشە لە ڕاستییەوە (نەرسیسیان، ٢٠٠٨، ل١٩٩).

لە دیدی ئەفلاتوندا "گۆڕانی ئۆلیگارشی بۆ دیموكراسی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە خەڵكی كۆششی خۆیان دەكەن بۆ گەیشتن بەو شتەی لە دەسەڵاتی ئۆلیگاریشیدا بە پێشەنگی هەمو شتێك دادەنرێت، واتە ماڵ و سامان هیچ سنورێكی بۆ دیاری ناكرێت" (ئەفلاتوون، ٢٠١٥، كۆمار، ٥٥٥). كەواتە بەشێوەیەكی سروشتی و ناچاریانە زۆرداری تەنها لە دیموكراسی دەكەوێتەوە. واتە كاتێك ئازادی سنوری خۆی ببەزێنێت، خراپترین كۆت و بەندەكان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. كۆمەڵگەی دیمۆكراسی لەگەڵ بونی ئازادی و یەكسانی كۆمەڵگەیەكی چینایەتییە، هۆكارەكەشی بۆ ئازادی بێسنور دەگەڕێتەوە(مراغیئی، ٢٠٠٥، ل١٥٩).

ئەفلاتون لە كۆماردا ئاماژە بەوە دەدات، كە "یەكەم تایبەتمەندی دیموكراسی ئەوەیە كە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەو دەسەڵاتەدا ئازادن، دەسەڵات ئازادی كار و ئازادی گوفتار بۆ هەمو تاكێك فەراهەم دەكات و هەمو كەسێك مافی ئەوەی هەیە هەر شتێك حەزی لێدەكات ئەنجامی بدات، لە وڵاتێكدا كە ئازادییەكی تەواو بەرقەرار بێت، ئاشكرایە كە هەمو كەسێك ژیانی تایبەتی خۆی بەپێی خواست و سەلیقە و بەهرەی خۆی فەراهەم دەكات، كەواتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەوەمان بۆ دەرکەوت دیموکراسی جوانترین سیستەمی سیاسییە، چونکە پارچە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە نەخش و نیگارە، کە هەمو سروشتێکی مرۆڤایەتی تێدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوە زۆربەی خەڵکی لەڕوی هەستەوە وەک منداڵ و ژنان وان و چێژ لەم دیمەنە ڕەنگاوڕەنگە وەردەگرن و بەڕاستی بەجوانترین دەسەڵات دێتە بەرچاویان"(ئەفلاتوون، ٢٠١٥، کۆمار، ٥٥٧).

زیاتر لەوەش، ئەفلاتون ئاماژە بەوە دەکات کە "دوەمین تایبەتمەندی دیموکراسی ئەوەیە ئەگەر کەسێک بەدوای هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخراوەیی سیاسیدا بگەڕێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت خواستی خۆی تێدا بەدەست بهێنێت"، سێیەمین تایبەتمەندی دیموکراسی بێبەندوبارییەکی ڕەهایە، چونکە لە وڵاتێکی ئاوادا، هیچ کەس ناچارنییە، ئەرکی سیاسی لە ئەستۆبگرێت، سەرەڕای ئەوەی لەو بوارەدا لە هەمو کەسێک شارەزاتر بن، لەلایەکی ترەوە، هیچ کەسێکیش ناچارناکرێت مل بۆ فەرمانی هیچ کەسێکی تر دانەوێنێت" (ئەفلاتوون، ٢٠١٥، کۆمار، ٥٥٧).

## ٥- سیستەمی سەپێنەر و زەوتکاری (دیکتاتۆری)

سیستەمێکە زۆرداری و ستەم و تاکڕەوێتی تێیدا دەسەڵاتدارە. شاری فرت و فێڵە. شارێکە تەواو گەندەڵ خراپ، بەواتایەکی تر شاری ترس و تاوانە. سیستەمی زەوتکاری ئاماژەیە بۆ ئەو سیستەمە حوکمڕانییەی کە تێیدا کەسێک بەزۆر و لەڕێگەی هێزی سەپێنەرەوە دسەڵات دەگرێتە دەست (Spielvogel, 2005, p126). دوای کۆتایهاتنی دەسەڵاتی چینی ئەرستۆکراتی لە دەوڵەتشارەکانی گریکدا، لە دەوروبەری ساڵی (٦٠٠ پ.ز)، سەرکردە خۆسەپێنەرەکان لەڕێگەی هێزەوە و بەشێوەیەکی نایاسایی دەسەڵاتیان گرتەدەست (الشیخ، ١٩٩٦، ص٣٣). ئەفلاتون پێیوایە کە ئەم جۆرە دەسەڵاتە "لە دەرئەنجامی خواستی زۆر بۆ دیموکراسی و ئازادی پەیدادەبێت" (Plato, The Republic, 562b-c). ئەفلاتون ئەوە دەردەخات کە "ئەگەر ئازادی بگاتە ئاستێک کە لە سنور دەربچێت بەرەو کۆیلەیی هەنگاودەنێت" (Plato, The Republic, 563e-564a).

دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەرەکان هەوڵی بەهێزکردنی پێگەو ناوبانگی خۆیان دەدا لەڕێگەی دروستکردنی پەرستگە و بازاڕ و شورای تازەوە لەناو شاردا. بەڵام ئەم شێوازی دەسەڵاتەش لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی خەڵک نەگونجا و زۆری نەبرد شێوازێکی نوێی حوکمڕانی جێگەی گرتەوە کە تێیدا بەشداری کارای زیاتری خەڵکی تێدا بەرجەستە بو. ئەو شێوازی دەسەڵاتەش بریتیبو لە دیموکراسی (Spielvogel, 2005, p126). لە شاری ستەمکاریدا، ئازادی و سەربەستی نامێنێت، چاکەخوازی لەناودەچێت. بەهێز زاڵ دەبێت و لاواز ژێردەست دەبێت. ماڵ و سامان بەزۆر لە خەڵک دەسەنرێت (مرحبا، ٢٠٠٠، ص١٤٧).

## ٦- سیستەمی پاشایەتی

پاشایەتی بریتییە لە گرتنەدەستی دەسەڵات و کۆبونەوەی تەواوی فەرمانڕەوایەتی لەلای یەک تاکە کەس کە پێیدەگوترێت پاشا یان فەرمانڕەوا و زۆربەی کات بەشێوەی پشتاوپشت لەنێوان ئەندامانی تاکە بنەماڵەی فەرمانڕەواوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٠–٨٠٠ پ.ز) زۆربەی دەوڵەتشارەکانی گریک سیستەمی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

پاشایەتییان تێدا پەیڕەوکراوە. لەسەرەتادا پاشاکانی دەوڵەتشارەکان لەلایەن خەڵکی دەوڵەتشارەکانەوە هەڵبژێردراون دوای مردنیشیان زۆربەی کات گەورەترین کوڕی گەورەی پاشا جێگەی پاشای گرتۆتەوە (خليفة، ١٩٢٩، ص٨).

پاشاکانی گریک دەسەڵاتەکانیان جۆراوجۆربو. یاساکانیان دادەنا و وەک دادوەر ئیشیان دەکرد. بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەڕێوەدەبرد و سەرکردایەتی جەنگەکانیان دەکرد. هەروەها پاشاکانی گریک چەندین ڕاوێژکاریان هەبو لە چینی ئەرستۆکراتی بۆئەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگارییان لێوەربگرن. لەلایەکیترەوە، پاشاکان لەکاتی جەنگەکاندا سودیان لە چینی ئەرستۆکراتی وەردەگرت بۆ دابینکردنی ئەسپ و چەکی جەنگ. هەرچەندە لەسەرەتادا ئەرستۆکراتییەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبو، بەڵام دوای یارمەتیدانەکانیان بۆ پاشا داوای دابەشکردنی دەسەڵاتیان لە پاشا کرد(مصطفى و السايح، ١٩٩٨، ص٢٨).

بەمجۆرە، لە دەوڵەتشارەکانی گریکدا بە گشتی شەش جۆرە سیستەم و شێوازی دەسەڵات لە قۆناغی جیاجیادا و بەگوێرەی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵاتی و ئابورییەکان پەیڕەوکراون. سەرەتایترین و کۆنترین جۆری دەسەڵات دەسەڵاتی پاشایەتی بوە و بە شێوەی پشتاوپشت لەپاشاوە بۆ گەورەترین کوڕی دوای مردنی خۆی گواستراوەتەوە. باڵادەستبونی چینی ئەرستۆکراتی لە دەوڵەتشارەکاندا دەسەڵاتی پاشایەتی خستە مەترسییەوە و کەمینەیەکی ساماندار و دەستڕۆیشتو شوێنیان بە پاشا چۆڵکرد و دەسەڵاتی ئۆلیگارشی هاتە کایەوە. بەشێوەیەکی تر، دەکرێت بگوترێت، لە هەردو جەمسەرەکانی دەسەڵاتدارێتییەوە، دو جۆری سەرەکی یان دو شێوەی ڕەهای شار بونیان هەیە. یەکێکیان شاری فەلسەفی ئەرستۆکراتیە. واتە شارێک کە تێیدا ژێر فەرمانڕەوایە، ئەوی تریان شاری زۆرداریيە، واتە شارێک کە تێیدا ئارەزو و حەز و ویستەکان دەسەڵاتدارن (مراغێئی، ٢٠٠٥، ل١٣٢).

## باسی سێیەم: بنەماکانی سیاسەت لای ئەفلاتون

### ١- بنەمای میتافیزیکی سیاسەت

زاراوەی میتافیزیک لە (Meta ta Physika) ی گریکییەوە وەرگیراوە کە بەمانای (ئەودیو سروشت) دێت. ئەم زاراوەیە لەلایەن هیلینییەکانیشەوە بەکارهێنراوە، بەڵام بەر لە ئەرستۆ میتافیزیک بەکارنەهێنراوە و پەرەینەسەندوە. لە دیدی ئەرستۆدا، متافیزیک جەخت دەکاتە سەر سیفەتە جەوهەری و نەگۆڕەکان نەوەک سیفەتە ڕوکەشییە گۆڕاوەکان (حمدي، ١٩٩٢، ص٢). بەتێپەڕبونی سەردەمە جیاوازەکان مانای میتافیزیک گۆڕانی بەسەرداهاتوە. لەکاتێکدا لەلای ئەرستۆ بابەتی گرنگی میتافیزیک پەیوەستبوە بە بابەتە خواییەکان و بابەتە گشتی و بنەما ناڕونەکان. بەڵام لە سەردەمی نوێدا لە بابەتی بون و بابەتی زانین دەکۆڵێتەوە. لە بابەتی بوندا، لەوە دەکۆڵێتەوە ئاخۆبون پێویستە باڵا و نمونەیی بێت یان بونی ڕاستەقینەی شتەکان بێت(صليبا، ١٩٧٣، ص٣٠١).

لە جیهانی میتافیزیکی ئەفلاتوندا، ڕاستێتی جیهانی مادی ڕەتدەکرێتەوە و ئەم جیهانەی ئێستامان وەک تەنها لەبەرگیراوەی جیهانی نەمر و ڕاستەقینە وێنادەکرێت. بەم شێوەیە ئەفلاتون جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەلایەنی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کەمەوە دو جیهان بونی هەیە: جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی مادی. جیهانی مادی و ناڕاستەقینە ئەو جیهانەیە کە بەرهەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت و بەرچاوە و هەردەم لە گۆڕاندایە و وەک خۆی نامێنێتەوە. جیهانی ڕاستەقینەش بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری بەسەردانایەت و بەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت (Aristotle and Ross, 1981, p152). بە واتایەکی تر جیهانی میتافیزیک تەواو جیاوازە لە جیهانی هەستەکان. بەجۆرێک میتافیزیک جیهانێکی جێگیر و بەردەوام و نەگۆڕی یەکگرتوی هەیە و خاوەنی هەمو سیفەتەکانی تەواوێتییە، بەڵام جیهانی هەستەکان لە گۆڕانی بەردەوامدایە و ڕویەکی ناڕاست و لاسایی کردنەوەی جیهانی میتافیزیکە. عەقڵی سروشتی ناتوانێت بگات بە جیهانی میتافیزیک بەبێ تێکچونی دەرونی و چون بەرەو گومڕایی و ونبون(زکریا، ٢٠٠٥، ص٧٨).

لە دیدی ئەفلاتوندا جیهانی ڕاستەقینە بریتییە لە جیهانی دیدی باڵا یان جیهانی گیانی نەمر. ئەفلاتون پێی وایە لە گەردوندا دو پێکهاتەی سەرەکی بونی هەیە، کە بریتین لە 'گیان' و 'جەستە'. 'گیان' بەوە جیادەکرێتەوە کە نەمرە، بەڵام 'جەستە' دەپوکێتەوە و لەناودەچێت. 'جەستە' وەک زیندانێک وایە بۆ 'گیان'. بەم شێوەیە لەلای ئەفلاتون جیهانی میتافیزیک و ڕاستەقینە جیهانی تەواوێتی و بێ کەموکورتییەکانە، بەڵام جیهانی هەستەکان جگە لە خەیاڵ و هەڵخەڵەتاندنێک هیچی ترنییە(حمدي، ١٩٩٢، ص٦٦-٦٧).

ئەفلاتون شاری نمونەیی لە بەهەشتدا دەبینێتەوە چونکە پاشاکان و دەسەڵاتداران کە دەتوانن ڕاستەوخۆ لەم جیهانە کاتییەی خۆیاندا هەستی پێبکەن. لەبەرئەوە، ئەفلاتون لەو باوەڕەدایە کە شاری نمونەیی دەکرێت لەسەر زەوی و لەم جیهانە کاتیەدا بەدی بهێنرێت لەلایەن شافەیلەسوفانەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە شاری نمونەیی لەڕاستیدا لەم جیهانەدا وەک خۆی بونی نییە، بەڵکو تەنها بیرۆکەیەکە. ئەوەش کە شافەیلەسوفان پەیپێدەبەن، تەنها هاوشێوەیەکی شاری نمونەییە. لەبەرئەوەی لەڕێگەی عەقڵەوە پەیپێدەبرێت و لەتوانای هەستەکاندا نییە پەیپێببەن (وایتهید، ١٩٦٩، ص٧٦).

ئەفلاتون پێی وایە کە دەرون نەمرە و جەوهەرێکی سەربەخۆی هەیە جیاوازە لە جەوهەری جەستە و چۆنیەتی دەرونی مرۆڤ دەستنیشانکەری چۆنیەتی کەسایەتی مرۆڤە. ئەو دەرونی مرۆڤ دەکات بەسێ بەشەوە: ژیری، ئیرادە و ئارەزو. ژیری هاوتایە لەگەڵ ڕۆڵی فەرمانڕەواکان لە شاری نمونەیدا و دەتوانێت وەک فەرمانڕەواکان سیستەم دابڕێژێت بۆ چاکە و بەرژەوەندی هەمو پێکهاتەی مرۆڤ. بەپێچەوانەی بەشەکانی تری دەرون لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی نییە و توانای ئەوەی هەیە بۆ گەیشتن بەباشترین و باڵاترین بەرژەوەندی و فەزیلەتەکانی مرۆڤ پلان دابڕێژێت، سەرەڕای ئەوەی کە وێڵی ڕاستییە(عەزیز، ٢٠٠٨، ل٧٦).

هەرچی ئیرادە و ئارەزوە بەجۆرێکە کە 'ئیرادە' ئەو بەشەی دەرونە کە خۆی دەبینێتەوە لە توڕەیی و بوێری و خۆڕاگری و ئازایەتیدا و هاوتایە لەگەڵ ڕۆڵی سەربازەکان یان پشتیوانان لە شاری نمونەییدا. لەلایەکی ترەوە، 'ئارەزو' حەزێکی تەواو پەتییە بۆ شتگەلێکی وەکو خواردن، خواردنەوە و سێکس. هۆکاری بونی هێزی ئارەزو لەلای ئەفلاتون بریتییە لە جەستە. هێزی ئارەزو توانای دیاریکردنی چاکەی نییە (الجبر، ٢٠٠٣، ص١٠٩). ڕەنگە ئارەزو بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ژیری کاربکات و جەخت لە مانەوە لەسەر ئاڕاستەی خۆی بکات. لەڕاستیدا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ململانێ هەیە لە نێوان ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیەوێت و ئەو شتانەی کە لە بەرژەوەندیدان. مەیل یان ئارەزو هاوتایە لەگەڵ ڕۆڵی کرێکاران و جوتیارانی شاری نمونەیی (وابرتون، ١٣٨٢، ص١٩).

کەواتە باشترین کۆمەڵگە ئەو کاتە دێتە دی ئەگەر فەیلەسوفان ببن بە پاشا، یان پاشاکان فەیلەسوف بن. فەیلەسوف شەیدا و ئەوینداری زانینە. ئەویندار تەواوی ئەوینەکەی خۆش دەوێت، فەیلەسوف ئەویندارى تەواوی زانینە و خوازیاری ڕاستییە. لەبەرئەوە، تەنها فەیلەسوفان دەتوانن دادپەروەری و نادادپەروەری لە یەک جیابکەنەوە و هاوکات هەر ئەوان دەتوانن ڕاستی ڕەها و باڵا بناسن (محەمەد، ٢٠١٦، ل٣٨). ئەفلاتون پێیوایە تەنها فەیلەسوفی ڕاستەقینە توانای بینینی بنەچەی یەزدانی شاری هەیە. ئەفلاتون زۆر بەوردی خواستی بنەڕەتی سیاسەت دەستنیشان دەکات. واتە سەروەری شا فەیلەسوف ئەوە دەخوازێت کە بەتەواوی بنەبڕی گەندەڵی بکات(سۆران، ٢٠٠٨، ل٣٢٢).

## ٢- پەیوەندی ئاکار و سیاسەت

ئاکار بەشێکی کرداری فەلسەفەیە و بەمانای مامەڵە، مۆرک یان ویست و مەیلی کەسایەتی دێت. لەسەرجەم سەردەمە مێژوییەکانی فەلسەفەدا و هەتا ئەمڕۆش گرنگییەکی زۆری هەیە. ڕاستەوخۆ باسی ڕەفتاری مرۆڤ لە بوارەکانی ژیاندا دەکات. چ لە لایەنی چاکە، خراپە، ڕەزیلە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ماف. باس لە ئەرکی تاک دەکات لەناو کۆمەڵدا هەوڵ دەدات بۆ داڕشتنی سیستەمێکی ئاکاری دروست بەمەبەستی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و چێژ. ئاکار بریتییە لە چاکە و پەروەردەی ڕۆح(سەعید، ٢٠٠٩، ل٣٣).

لەلای ئەفلاتون، ئاکاری تاک بەندە لەسەر بەجێهێنانی ئەرکەکانی لەناو کۆمەڵدا لەپێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. هەرچەندە لە دیدی ئەفلاتوندا عەقڵ باڵاترین ئاستی چاکەی مرۆڤە، بەڵام بەتەنهاش ناتوانێت ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت. بەڵکو پێویستە ژیان تێکەڵ بەعەقڵ و چێژی عەقڵی بکرێت. بەبڕی مامناوەندیش پابەندی بە ئازارەوە نەبێت. واتە مرۆڤ ناچارە ئاکاری خێرخوازی بوێت لەسەر بنچینەی هەردو لایەنی عەقڵی و چێژی هەستی. بەمەرجێک ئەو چێژە مامناوەندی بێت و بە گونجاوی حەزەکانمان تێر بکات (سەعید، ٢٠٠٩، ل٣٤).

گرنگی ڕەوشت و هەوڵدانی ئەفلاتون بۆ دەرخستن و بەرەوپێش بردنی لەوەدایە کە کرداری باش پێویستی بەزانستی باش هەیە. ئەگەر خەڵکی چاکەیان ناسییەوە و جیایان کردەوە، ئەوا لە ئاکاری خراپ دوردەکەونەوە، ئاکاری چاک و گەورەیان تێدا دەردەکەوێت(فروغی، ١٣١٧، ص٢٤). لەلای گریکییەکان ئاکار بەشێکە لە سیاسەت و گرنگی دەدات بەڕەفتاری تاک. تاکیش کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات و کاریگەری لەسەر دادەنێت. سیاسەتی کۆمەڵگەش بەگشتی کاریگەری لەسەر ئاکاری تاک جێدەهێڵێت (الطويل، ١٩٧٦، ص٦٠). بەرامبەربونی جیهانی هەستەکان و جیهانی ژیری یان نێوان مادە و شێوە بەرامبەربونە لە ئاکاردا. بەجۆرێک کە مادەبوە بە بنەمای هەمو شتێکی خراپ و بێبەها. لەبەرامبەردا، ژیری بنەمای هەمو شتێکی باش و بەسودە(كولبة، ١٩٦١، ص٩١).

ئەفلاتون ئاکار دابەش دەکات بۆ سێ بەشی سەرەکی، بەم شێوەیە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

١- گەڕان بەدوای ئاكاردا بەپلەی یەكەم گەڕانە بەدوای چاكەدا.

٢- گەڕان بەدوای ئاكاردا بە پلەی دوەم خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی بەشە كەمەكانی چاكە. ئەمەش لەڕێگەی فەزیلەتە باڵاكانەوە لەلایەن تاكەوە بەدیدێت.

٣- ئاكار لە دەستەبەركردنی چاكە بۆ دەوڵەت بەدی دەكرێت. واتە لە گەڕان بەدوای سیاسەتی چاكەدا. سوكرات پێی وایە چاكە بریتییە لە بەختەوەری. لەبەرئەوەی چاكە ئەو شتەیە كە سود و كەڵك بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەكات. هەروەها ئامانجی هەمو كارێكی ئاكاری بریتییە لە بەدیهێنانی بەختەوەری. ئەفلاتونیش هەروەك مامۆستاكەی هەمان بۆچونی هەیە لەو بارەیەوە. بەڵام لای ئەفلاتون چاكە بە مانا فەلسەفییەكەی جیاوازە لە چاكە بە مانا باوەكەی. بەجۆرێك مانای فەلسەفی چاكە دەوەستێتە سەر ژیری، بەڵام بەمانا باوەكەی گوزارشت دەكات لە ئاكار و هەڵسوكەوتی ڕۆژانە و كلتوری كۆمەڵایەتی(بدوي، ١٩٧٩، ص٢٠٨-٢٠٩).

لە دیدی ئەفلاتوندا، چاكەی فەلسەفی بەهایەكی باڵای هەیە و دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەوپەڕی خێر و خۆشی. خێروخۆشییەكی جێگیر و نەگۆڕ، بەپێچەوانەی چاكەی باو كە جێگیر نییە و گۆڕانی بەسەردا دێت(إمام، ١٩٧٤، ص٥٠-٥٢). لە كۆماردا، ئەفلاتون دو جۆری بەختەوەری جیادەكاتەوە لە بەرامبەر دو جۆری چاكەی فەلسەفەی و نافەلسەفی. بەجۆرێك كە بەختەوەری تەنها تایبەت نەبێت بە چینێكی دیاریكراوی كۆمەڵگە. بەڵكو پێویستە لەسەر شافەیلەسوف بەبێ جیاوازی بەختەوەری بۆ هەمو ئەندامانی كۆمەڵگە مسۆگەر بكات. هەروەها چاكە بەدی بهێنێت بۆ هەر هاووڵاتییەك بەگوێرەی ئاستی كاركردنی لە كۆمەڵگەدا(العوا، ١٩٦٢، ص٦٥).

لەلایەكی ترەوە، ئەفلاتون ئەوە ڕەت دەكاتەوە كە چێژوەرگرتن، بەمانا گشتییەكەی، ببێت بەبنەمایەك بۆ چاكە. هەروەها چاكە بە تەنها هیوایەتێكی ژیان نازانێت، بەڵكو زۆر بە گرنگییەوە لێكدانەوەیەكی وردی بۆ دەكات و لەنێوان چێژ و زانستدا كۆی دەكاتەوە(العوا، ١٩٦٢، ص٦٣). لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون شیكردنەوەی جیاوازی هەیە بۆ چەمكی چاكە. بۆ نمونە لە (پرۆتاگۆراس)دا پێیوایە چاكە بریتییە لە چێژ، بەڵام لە (گۆرگیاس)دا دەڵێت چاكە ناكرێت بریتیبێت لە چێژ، بەڵكو بریتییە لە بەختەوەری. ئەمە لەكاتێكدایە كە لە 'كۆمار'دا پێیوایە كە هەمو كارێكی باش لەلای هەمو مرۆڤێك، دۆست بێت یان دوژمن، بریتییە لە چاكە. هەمو كارێكی خراپیش بریتییە لە خراپە و یەكێكە لە سیفەتەكانی ستەمكاران(التكريتي، ١٩٨٨، ص٥٨).

ئەفلاتون كۆمەڵگەی لە كۆماردا بە بەراوردێك لەنێوان دەوڵەتشار و دەرونی مرۆڤ چواندوە. دەوڵەت گیانێكی گەورەیە. تاك یان گیانی مرۆڤ نمونەیەكی بچوككراوەی دەوڵەتە. ئەم لێكچواندنەی ئەفلاتون دابەشكردنی گیانی مرۆڤ بۆ سێ بەشی (ژیری، تورەیی و ئارەزوبازی) و دابەشكردنی چینەكانی كۆمەڵگە بۆ هەر سێ بەشی (فەرمانڕەوەیان، پاسەوانان و پیشەوەران) بەجۆرێك كە بەشەكانی دەرون بەرامبەر دەبن لەگەڵ چینەكانی كۆمەڵگەدا. هەریەكێكیش لەوانە فەزیلەتێكی دیاریكراو بەرامبەری دەبێت. گیانی ژیر فەزیلەتەكەی بریتییە لە دانایی. گیانی تورە فەزیلەتەكەی بریتییە لە ئازایەتی. گیانی ئارەزوباز فەزیلەتەكەی بریتییە لە پاكێتی. لە كۆی هەرسێ فەزیلەتەكەش فەزیلەتێكی باڵا پەیدادەبێت كە بریتییە لە فەزیلەتی دادپەروەری. دادپەروەری تاك سەردەكێشێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بۆ دادپەرەوەری کۆمەڵگە و دادپەروەری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە. بەم شێوەیە کەسێکی چاکەکار لە دەرونیدا کەسێکی چاکەکارە و ئاکاری ڕەنگدانەوەی ناخی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە (کرم، ١٩٧٠، ص٩٦).

### ٣- پەروەردە و فێرکردن لە دەوڵەتشاری ئەفلاتون

بنەمایەکی گرنگی دەوڵەتشار لەلای ئەفلاتون بریتییە لە پەروەردە، هەروەک دەڵێت "ئەوەی پەروەردە نەکرابێت، نازانێت پەروەردە چییە و بۆ فەرمانڕەوایی کردنی شارەکەمان ناگونجێت، چونکە ناتوانێت ڕو لە یەک ئامانج بکات لە ژیانی تایبەتی و گشتی دا" بەم جۆرە ئەفلاتون نەک هەر سیستەمی کۆمەڵگە و ڕێکوپێکی و بەرقەراربونی یاساکان دەخاتە ئەستۆی پەروەردە، بەڵکو کامڵبون وپێگەیشتنی جەستەیی و ڕۆحی مرۆڤیش تا دوا پلە لە گرەوی پەروەردەدا دادەنێت(استراترن، ١٣٨٦، ص٤٠٤). ئەفلاتون جەختی لەوە دەکاتەوە پەروەردەی مرۆڤ دەبێ لەمنداڵییەوە دەست پێبکات. پێی وابو هیچ شتێک لەوە مەترسیدارتر نییە، کە واز لە منداڵەکان بهێنرێت بۆ ئەوەی بە هەڕەمەکی گەورەببن (کویره، ١٣٨٩، ص٥٨-٥٩).

لە پێناسەی پەروەردەدا، ئەفلاتون دەڵێت: پەروەردە بە واتای ڕاست و دروست، وەها ڕاهێنانێکە کە مرۆڤی شایستە و دادپەروەر بێنێتە کایەوە. لەم ڕووەوە لەو باوەڕەداین، پەروەردە باڵاترین نیعمەتێکە، کە باشترین مرۆڤەکان لێی بەهرەمەندن. بەمجۆرە ئەفلاتون لەسەر زاری سوکراتەوە جەختی لە پەروەردەی پاسەوانە نمونەییەکان دەکردەوە. ئەفلاتون پێیوابو کە پێویستە منداڵان لە سەرەتاوە هەمو جۆرە چیرۆکێکیان بۆ باس بکرێت. دواتر تەنها ئەو چیرۆکانە هەڵبژێرین کە منداڵەکان حەزیان لێیە بە مەبەستی گەشەپێدانی عەقڵ و کەسایەتییان. بەبڕوای ئەفلاتون ئەم قۆناغی پەروەردەکردنە قۆناغێکی زۆر هەستیارە، چونکە بنەما پەروەردەییەکان لەم قۆناغەدا بەتەواوی جێگیردەبن و کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی ئەو کەسە بەجێدەهێڵن(ئەفلاتون، ٢٠٠٦، ل٩٢-١٣٢).

ئەوەی لە سیستەمە پەروەردەییەکەی ئەفلاتوندا سەرنج ڕادەکێشێت و بۆتە جێی مشتومڕ وقسە لەسەرکردنێکی زۆر جەختکردنیەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی. واتە دەبێت ڕێگا بدرێت باشترین دایک و باوکەکان زۆرترین منداڵیان ببێت. هەمو منداڵەکان پاش هاتنە دونیایان لە دایک و باوکیان وەردەگیرێن و هەوڵێکی زۆر دەدرێت تاکو دایک و باوکەکان منداڵەکانی خۆیان نەناسنەوە. ئەو منداڵانەی کەم ئەندامن یان دایک و باوکێکی باشیان نییە لە جێگایەکی نهێنیدا هەڵدەگیرێن. ئەو منداڵانەی هەڵگیراونەتەوە بەشێوەی هاوبەش واتە لەلایەن دەوڵەتەوە پەروەردە دەکرێن(افلاطون، ١٩٧٤، ص١٢). کەواتە هیچ کەسیک دایک و باوکی خۆی ناناسێت. لەبەرئەوە لەسەر هەر تاکێک پێویستە ئەو پیاوانە بەباوکی خۆی بزانێت، کە ساڵانە دەتوانن ببنە باوکی ئەو. لەبارەی دایک و خوشک و براوە هەر بەم جۆرەیە (محەمەد، ٢٠١٦، ل٣٦). لەلایەکی ترەوە، لەم سیستەمەدا سەربازەکان لەهەمو ڕویەکەوە یەکسانن و گشت شتێک بۆ گشت کەسێکە، واتە کەس خاوەنی شتێکی دیاریکراو نییە، تەنانەت ژنیش لەم چینەدا بەموڵکی گشتی هەژماردەکرێت و هیچ سەربازێک خاوەن ژنێکی دیاریکراو نییە(پاپکین و استرول، ١٣٨٩، ص١٥٣).

بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی پەروەردەی ئەفلاتون دو لایەنی هەیە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**لایەنی نێگەتیڤ**: لەم سیستەمەدا تاک تەنها بە دروستی پەروەردەناکرێت، بگرە فێری درۆ و دوڕوویی و فێڵ لەیەکترکردن و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن دەکرێت. هەر لە منداڵییەوە چیرۆکی خواوەندەکانیان بۆ باس دەکرێت و کاتێک هەندێ گەورە دەبن ناچاردەبن بەرهەمی شاعیرانێکی وەک هزیۆد و هۆمێر بخوێننەوە، کە دەبنە هۆی شێواندنی دەرونیان و واتایەکی نادروست لەهزریاندا دەربارەی ئاین دروست دەبێت(سەعید، ٢٠٠٩، ل١٠٤). پێویستە ئەم بیرکردنەوە هەڵانە لە مێشکی تاکەکاندا دەربهێنرێن و بنەبڕبکرێن بۆ ئەوەی دەرونیان نەشێوێت. کەواتە یەکەم هەنگاو و بنەما بۆ پەروەردەیەکی دروست چاکسازییە لە بیروباوەڕە ئاینییەکان و بەدیهێنانی واتا و بەهایەکی باڵا و جوان بۆ خواوەندەکان(ئەفلاتوون، ٢٠٠٩، ل٧٦).

**لایەنی پۆزەتیڤ**: دوای ڕەخنەگرتن لە سیستەمی پەروەردەیی سۆفیستەکان و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەی گریکی، ئەفلاتون جێگرەوەی خۆی واتە سیستەمە پەروەردەییەکەی خۆی پێشکەش دەکات، کە لەدو بەش پێک دێت: **یەکەم:** پەروەردەی ڕۆحی: واتە مۆسیقا. **دوەم:** پەروەردەی جەستەیی: واتە وەرزش. پێویستە ئەوە بگوترێت، کە مۆسیقا هەمو ئەو هونەرانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەپەروەردەی ڕۆحی و وەرزشیش هەمو ئەو هونەر و تەکنیکانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە پەروەردەی جەستەییەوە (گمپرتس، ١٣٧٥، ص١٠١١).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفلاتون پێی وایە بەهیچ شێوەیەک نابێت لە پەروەردەی ڕۆحی و پەروەردەی جەستەییدا زیادەڕەوییبکرێت چونکە "ئەوانەی وەرزشی زۆردەکەن دڕندە دەردەچن و ئەوانەی هۆنراوە و مۆسیقاش دەخوێنن کەسانیکی زیاد لە پێویست نەرم و نیانن. لەبەرئەوە، ئەفلاتون دەڵێت "سادەیی لە مۆسیقا دەرون ژیرمەند دەکات و سادەیی لە خۆراک جەستە ساغ و سەلامەت دەکات"(محەمەد، ٢٠١٦، ل٣٢).

پەروەردە لەلای ئەفلاتون سیستەمێکی ئامانجدارە و تەنها لەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەدا کورتنابێتەوە کە بواری خۆگونجاندن بۆ تاک لەناو کۆمەڵدا دەڕەخسێنێت تاکو بە ڕەزامەندی و بەختەوەری بژی، بەڵکو بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستێکی زۆر باڵا کە تێیدا تێڕوانینی تەندروست لە گەڕان بەدوای ڕاستی ڕەهادا لەڕوی چاکە و ئینجا دادپەروەرییەوە ئاشکرا دەبێت(عبدالقادر، ١٩٧٤، ص٧٥-٧٦).

لەبەرئەوە، پرۆژەی پەروەردەکردن لەلای ئەفلاتون دابەش دەبێت بۆ چوار قۆناغ بەم شێوەی لای خوارەوە:

**قۆناغی یەکەم**: ئەم قۆناغە لە منداڵییەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵی درێژە دەکێشێت و تێیدا خوێندکار کۆمەڵە وانەیەک دەربارەی وەرزش و مۆسیقا و ڕاهێنان وەردەگرێت. لەمۆسیقادا هۆنراوەی بەسود و چاک دەخوینرێت، کە دەوڵەت پوختەیان دەکات و هەڵیان دەبژێرێت بەئامانجی فێرکردنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە(سالح، ٢٠٠٨، ل١١٣). ئەفلاتون دەڵێت: هەر کەسێک بیەوێت لە کارێکدا شارەزا بێت پێویستە لەمنداڵییەوە ڕابهێنرێت. بەتایبەتی پێویستە لەدڵی منداڵدا، حەز و ئارەزویەک بچەسپێنرێت بۆ بەدەستهێنانی پیشەکانی داهاتویان. پێویستە مرۆڤ لەڕوی ئاکارییەوە ڕابهێنرێت کە هەمیشە وا بیربکاتەوە کە ئەندامێکی تەواو بەسودە بۆ کۆمەڵگەکەی. پەروەردەش دو جۆرە: پەروەردەی خێزانی و پەروەردەی دەوڵەت. ئەفلاتون زیاتر بایەخ بەپەروەردەی دەوڵەت دەدات(مراغێئی، ٢٠٠٥، ل٥٥).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەفلاتون پێیوایە لەم قۆناغەدا مۆسیقا چارەسەری کێشەی نێوان ئازایەتی و نەرمونیانی دەکات، چونکە ڕۆح لەڕێگەی مۆسیقاوە فێری ڕێکوپێکی و گونجاوی و خۆشویستنی دادپەروەری دەبێت. کەسێک ئەگەر لەسەر بنیاتێکی هاوسەنگ پەروەردە بوبێت و پێگەیشتبێت ناکرێت کەسێکی ستەمکار بێت(دیورانت، ٢٠٠٤، ص٣٥). ڕاهێنانی وەرزشی لە پرۆگرامەکانی فێرکردنی گەنجاندا بەپلەی دوەم دێت. مەشقە سادە و ئاسانە وەرزشییەکان، تازەپێگەیشتووان فێری گوێڕایەڵی و ملکەچی دەکات، وەک چۆن لەگەڵ مۆسیقا بۆ دەرکردنی سەمای نۆتەیی و چیرۆکە جوڵاوەکان بەمەبەستی پێگەیاندنی هزری لاوان لەسەر وەرگرتنی بەها و پەندە ئاکارییە چاکەکان بەشدارە(سالح، ٢٠٠٨، ل١١٤)..

لەلایەکی ترەوە، پەروەردەی جەستەیی لەلای ئەفلاتون پێویستە زۆر سەخت بێت. نابێت هیچ کەسێک ماسی بخوات. گۆشتیش تەنیا دەبێت بە سورکراوەیی بخورێت. نابێت شتە شیرین و چێژبەخشەکان بخورێن. ئەفلاتون بانگەشەی ئەوەش دەکات. کە ئەو مرۆڤانەی بەپێی یاساکانی ئەو کاردەکەن، ئەوا هەرگیز پێویستیان بە پزیشک نابێت. گەنجان تا تەمەنێکی دیاریکراو نابێت چاویان بەدیمەنی ناشرین و خراپ و ترسێنەر بکەوێت، بەڵام پێویستە چاونەترس و بەهیزبن. کوران بە لە تەمەنی پێگەیشتن پێویستە شەڕ بە چاوی خۆیان ببینن، بەڵام نابێت بەشداری شەڕ بکەن(راسێل، ٢٠١١، ل١٩٩).

**قۆناغی دوەم**: پاش دەرچون لەچەند تاقیکردنەوەیەک قۆناغی دوەمی پەروەردە لە تەمەنی بیستساڵییەوە دەستپێ دەکات و تێیدا چەند زانستێک دەخوێنرێت وەک بیرکاری، فەلەک و میوزیک. ئەم قۆناغەش بەمەشقی سەربازی چڕەوە تا تەمەنی سی ساڵی بەردەوام دەبێت ئەوانەی بەشداری ئەم قۆناغە دەکەن ئەو فێرخوازانەن کە لە قۆناغی یەکەمدا بە سەرکەوتویی وانەکانی بیرکاری و فەلسەفە و گەردون و میتافیزیکیان تەواوکردوە. لەڕاستیدا قۆناغی یەکەم تەنها سەرەتایەک بوە بۆ ئاشکراکردنی بەهرەکانی ئەو خوێندکارە تازەپێگەیشتوانە. لەکاتێکدا قۆناغی مەشقکردنی دوەم قۆناغی فێربون و مەشقی جەستەیی و هزری و ڕەفتارییە(سالح، ٢٠٠٨، ل١١٥).

**قۆناغی سێیەم**: ئەم قۆناغە پێنج ساڵ دەخایەنێت. تەنیا ئەو خوێندکارانە بۆ ئەو قۆناغە سەردەکەون، کە زۆرترین توانایان لە تێگەیشتنی وانەکانی قۆناغەکانی پێشوتردا دەرخستوە. لەم قۆناغەدا خوێندکار بابەتی فەلسەفە یان گفتوگۆی پەیوەست بە میتافیزیک دەخوێنێت. لەبەرئەوەی تێکڕای ئەم بابەتانە یارمەتیدەری دەبن لە بنیاتنان و هاندانی بیری فەلسەفە و دواجار دەیگەیەننە ئاستی پێشبینی فەلسەفی (عبدالقادر، ١٩٧٤، ص٧٨-٨٢). هاوکات لەگەڵ تەواوکردنی ئەم سێ قۆناغەدا خوێندکار دەخرێتە بەر ئەزمونی زانستی و داوای لێدەکرێت کە بەکردەوە ئەرکەکانی دەوڵەت پیادەبکات بەمەبەستی ئاشنابونی بە کێشە و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە(دیورانت، ٢٠٠٤، ص٤٢-٤٣).

**قۆناغی چوارەم**: لەم قۆناغەدا عەقڵ بەرزدەبێتەوە بۆ جیهانی شتە پەتییەکان و دەستبەرداری سەرجەم درکە هەستییەکان دەبێت لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکاندا. ئەوانەی کە لەسەرجەم تاقیکردنەوەکانی ئەو قۆناغانەی پێشو سەرکەوتو دەبن دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی کۆتایی کە قۆناغی ئامادەکردنیانە بۆ پۆستە سەربازییەکان و پۆستە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

باڵاکانی تر. ئەم قۆناغەش پازدە ساڵ دەخایەنێت و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئامادەدەبن بۆ بەڕێوەبردنی پۆستە باڵاکانی دەوڵەت(سولتان، ٢٠١٦، ل٧٨-٧٩).

لە پەروەردەی ئەفلاتوندا، لەسەرخۆیی و ئاکار و دلێری، بەڕواڵەت چەند سیفەتێکن، کە دەبێت بەهۆی پەروەردە و فێرکردنەوە بەدەست بهێنرێن. بابەتەکانی پەروەردە لەلای ئەفلاتون دەبێت بخرێنە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. دایکان و دایەنەکان دەبێت ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە، کە ڕێگەپێدراون، بەرهەمەکانی هۆمێر و هیسیۆد قەدەغەبون. چونکە ئەو بەرهەمانە شتی خراپ و تۆقێنەر و ترسێنەریان تێدابو. گەنجەکان دەبێت بە تایبەت بۆ جەنگ پەروەردە بکرێن و باوکان فێریان بکەن کە کۆیلایەتی خراپترە لە مەرگ. کەواتە نابێت ئەو چیرۆکانەیان گوێ لێبێت کە گریە و زاریان تێدا بێت. هەرگیز نابێت مرڤ بە دەنگی بەرز پێبکەنێت (محەمەد، ٢٠٠٩، ل٣٣).

لە دیدی ئەفلاتوندا پێویستە هەمو کەسێک ئەرک و مافی دیاریکراوی خۆی بزانێت. بەمەش دابەشکارییە چینایەتیەکان ڕوندەبنەوە و دەبن بە بناغەیەک بۆ دستکەوتە ئایندەییەکان و بەرەوپێشچونی زیاتر لەپاڵ سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمەدا کە تێیدا منداڵە تەندروستەکان دەخرێنەبەر بەرنامەیەکی تۆکمە و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ وانە و مەشق و خۆراکیان بۆ دیاری دەکەن. بەم شێوەیە هەر سێ بەشە پێکهێنەرەکەی شار کاری خۆیان بەجێ دەگەیەنن. بەمجۆرە دادپەروەری باڵ دەکێشێت و شاری نمونەیی دیکە دێتەدی(سولتان، ٢٠١٦، ل٧٧-٧٨).

ئەفلاتون پێیوایە کاتێک ئازادی کۆمەڵایەتی دەگاتە لوتکە بارودۆخ بۆ سەرهەڵدانی دەسەلاتداری دیکتاتۆر ئامادەدەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە لەسەر بنەمای ئەوان دەوڵەت بەڕێوەدەچێت، کارکردی خۆیان لەدەست دەدەن، دەسەلاتداری دیکتاتۆر یاسا و ویستەکانی خۆی دادەهێنێت و ئازادی بێسنور دەبێتە هۆی دیلبون. لە ئەنجامدا دیموکراسی پێشێل دەکرێت و جیاوازی تاکایەتی نامێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون پێیوایە کە مرۆڤی ئازادی دیموکراتیک تەنها لە ساتە وەختی ئێستادا ژیان دەکات. ئازادی دیموکراتیک واتە ئازادی ئەنجامدانی ئەو شتەی کە لە ساتێکدا بە مێشکی تاکدا دێت. مرۆڤ بۆ خۆشییە ساتییەکان ژیان دەکات. ڕۆژێک مەی، ژن، مۆسیقا، ڕۆژێکی تر بۆ نان و ئاو. ڕۆژێک ڕاهێنانی جەستەیی، ڕۆژێکی تر بێکاری و تەمبەڵی. ڕۆژێک خوێندنەوەی فەلسەفی و ڕۆژێکی تر چالاکی سیاسی. مرۆڤی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەنەبونی ئازادی تاک ئازاد دەبێت، هەر شتێک کە بە مێشکیدا دێت دەیڵێت و ئەنجامی دەدات(لیدمان، ٢٠٠٩، ل٣٩-٤٠).

بەم جۆرە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە ئامانجی ئەفلاتون لەو زنجیرە درێژ و سەختەی مەشقکردن و فێربون، ئامادەکردنی مرۆڤەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، واتە دەوڵەتی نمونەیی. خاوێنکردنەوەیانە لە هەمو بەرژەوەندییەکی تایبەتی و بنەبڕکردنی هەمو هەست و ئارەزویەکی خۆپەرستانە و بەرژەوەندیخوازانە. ئەفلاتون لەپاڵ سیستەمە پەروەردەییەکەیدا پاشایەکی فەیلەسوفیش پەروەردە دەکات بۆ ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایی بگریتە دەست. بەم جۆرە تێدەگەین کە دەوڵەت لە کۆماردا وەک جەستەیەکی ئۆرگانی مامەڵەی لەگەڵ کراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

فەرمانڕەوا سەری ئەو جەستەیەیە. بەشەکانی تری جەستە و سەرجەم ئەندامەکان دو چینەکەی تر پێکدەهێنن و فەرمان و ڕێنماییەکان لە سەرەوە وەردەگرن کە فەرمانڕەوایە(سوڵتان، ٢٠١٦، ل٧٩–٨٠).

لەلایەکی ترەوە، بەپێی بۆچونی ئەفلاتون، ئەو فەیلەسوفەی کە دەبێت ببێت بە سەرپەرشتیار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەنالۆژیای ئەشکەوتەکە و لەگەڵ ئەو کەسانەدا بژیت کە هەرگیز خۆری ڕاستیان بەچاوی خۆیان نەبینیوە. دەبێت خاوەنی دادپەروەری و میهرەبانی و بێت و خوازیاری فێربونی زانست و خاوەن بیرێکی بەهێز و ڕوحیەتێکی هاوسەنگ بێت(راسێل، ٢٠١١، ل٢٢٧–٢٢٨). پێویستە شا فەیلەسوف زیرەکترین بێت و ڕاست و خۆبەکەمزان بن. لە پیناو ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا، پێویستە شا فەیلەسوفەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ژیانێکی سادەدا بژین. لەو نێوەندەدا، ئەفلاتون پێیوایە کە هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نییە لەنێوان ژن و پیاودا لەبەرامبەر بون بە شا فەیلەسوف. واتە ژنانیش وەک پیاوان دەتوانن ببن بە شافەیلەسوف(بریهێیە، ٢٠٠٧، ل١٨٨).

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، پێویستە شافەیلەسوفان خۆراک و موچەیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە بێت وەک یارمەتی و موچەیەکی بڕاوە بۆ ئەو ئەرکەی جێبەجێیدەکەن وەک پاسەوان. لەژێر بنەما و ڕاهێنانی سەربازیدا بژین. ساڵانە سامانیان نەزیاد نەکەم بکات. پێویستیان بە ئاڵتون و زیو نییە. نابێت لە ڕۆژانی پشودا بچنە گەشتوگوزار. ناتوانن لەگەڵ ژناندا کات بەسەربەرن بۆ ڕابواردن و کەیف خۆشی. ناتوانن خەریکی پارە سەرفکردنبن(بریکهاوس، دی سمیس و کاربۆڤیچ، ٢٠٠٥، ل٦٩–٧٤). لەلای ئەفلاتون پێویستە پەروەردەی شا فەیلەسوف بەباشترین شێواز بێت بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نمونەیی. پێویستە شا فەیلەسوف بەمۆسیقا و وەرزش و ئەستێرەناسی و بیرکاری پەروەردە کرابێت. نابێت ئەندازە فەرامۆش بکرێت، چونکە لەڕێگەی ئەندازەوە دەتوانین بگەین بەبەختەوەری(عینایەت، ٢٠١٠، ل١٧٥).

ئەفلاتون لە پرۆگرامی پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا سیاسەت و ئاکار و میتافیزیکی ئاوێتەی یەکترکردوە وەک سێ بابەتی گرنگ و زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو. سەرەڕای تۆکمەیی سیستەمی پەروەردەیی ئەفلاتون نابێت هەندێک ڕاستی دەربارەی پەروەردەی ئەفلاتون لەبیربکەین. ئەفلاتون چینی بەرهەمهێنی لەبیرکردوە لە سیستەمە پەروەردەییەکەیدا. ئەمەش تەنها بێبەشکردنی چینێک نییە بەڵکو بێبەشکردنی کۆمەڵگایە لە توانای ئەو چینە و ئەوانەی لەناویاندا هەڵدەکەون. بەمەش سەلامەتی شاری نمونەیی دوچاری نیگەرانی دەبێتەوە، کە دەرهاویشتەی نەبونی هاوسەنگییە لەنێوان هێزەکانی کۆمەڵگەدا(سالح، ٢٠٠٨، ل١١٧).

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە:

١- دەوڵەتشاری نمونەیی ئەفلاتون لەسەر بنەمای چاکەکاری بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و گەیشتن بەبەختەوەری دامەزراوە، ئەفلاتون زۆر بە وردی نەخشە ڕێگای بۆ کێشاوە، بەشێوەیەک جیایکردۆتەوە لە دەوڵەت و سیستەمە سیاسییە پێچەوانەکانی دەوڵەتشاری نمونەیی. دەوڵەتشاری نمونەیی ئەفلاتون وەک جەستەیەکی یەکگرتو وایە سەرجەم ئەندامەکانی بەیەکەوە کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەختەوەری لە شاردا. ئەو شارەی ئەفلاتون وێنای دەکات هەرچەندە ژیانێکی بەهەشت ئاسایە بەڵام لە دیدی ئەفلاتوندا هێنانەکایەی لەسەر دەستی شافەیلەسوف ئەستەم نییە، بەتایبەت کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشدا و لەژێر سایەی سیستەمێکی سیاسی تۆکمەدا کۆببنەوە.

٢- لەو سیستەمە سیاسیانەی ئاماژەی پێداون، ئەفلاتون ئەریستۆکراتی و دیکتاتۆری بە جەمسەری حوکمڕانی دادەنێت، پێی وایە، کە هەوێنی لەدایکبونی سێ جۆرەکەی تری تیمۆکراسی، دیموکراسی و ئۆلیگارشین. لەو نێوەندەشدا، ئەریستۆکراتی باشترین جۆری سیستەمی سیاسییە لە دەوڵەتشاردا، چونکە لەلایەن فەیلەسوفانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت کە تایبەتمەندن بەژیری، ئیرادە، پەروەردە، بەرژەوەندی گشتی، سادە و ساکاری و لێزانی هەروەها لەپێناو کۆمەڵگەدا ژیان.

٣- لە دەوڵەتشاری ئەفلاتوندا، لایەنەکانی سەربازی، ئابوری، یاسایی، پەروەردە، پەیوەندی تاک و کۆمەڵ، میتافیزیک بە بنەمای سەرەکی هەژماردەکرێن لە پرسی سیاسیدا. ئەفلاتون بۆ هەر یەکێکیان لێکدانەوە و شرۆڤەی تایبەتی هەیە و پێیوایە بەپێی بنەمای بنەمای میتافیزیک پێویستە دەوڵەتی ئاسایی نزیکبێت لە دەوڵەتی نمونەیی، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا بیرۆکەی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە بیرۆکەی دەوڵەتی نمونەییەوە وەرگیراوە. لەلای ئەفلاتون بونی ڕاستەقینە بریتییە لە بونی جەوهەری نەوەک بونی هەستی. واتە بونی ڕاستەقینە هاوئاستی شاری چاکەیە.

٤- ئاکار پەیوەندییەکی چەسپاو و لێکدانەبڕاوی بە سیاسەتەوە هەیە، بەشێوازێک ئاکار بەشێکە لە سیاسەت و گرنگی دەدات بە ڕەفتاری تاک. تاکیش کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات و کاریگەری لەسەر دادەنێت. سیاسەتی کۆمەڵگەش بە گشتی کاریگەری لەسەر ئاکاری تاک جێدەهێڵێت. ئەفلاتون ئاکار دابەش دەکات بۆ سێ بەشی سەرەکی، بەم شێوەیە: گەڕان بەدوای ئاکاردا بە پلەی یەکەم گەڕانە بەدوای چاکەدا، گەڕان بەدوای ئاکاردا بەپلەی دوەم خۆی دەبینێتەوە لە بەدیهێنانی بەشە کەمەکانی چاکە. ئەمەش لەڕێگەی فەزیلەتە باڵاکانەوە لەلایەن تاکەوە بەدیدێت، هەروەها ئاکار لە دەستەبەرکردنی چاکە بۆ دەوڵەت بەدی دەکرێت. پەرەوەردە ئاماژەیە بۆ گەشەپێدانی عەقڵی و ئاکاری لەڕێگەی داهێنان و ڕۆشنبیرییەوە. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و ملکەچی بەها و پێوەرەکانی گەشەسەندن و بەرەوپێش چونە.

٥- پەروەردە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتشارە نمونەییەکەی ئەفلاتون، کە ناکرێت دەستبەرداری ببین. لەبەرئەوە، ئەفلاتون پێی وایە کە پەروەردە پێویستە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە بەبێ جیاوازی و هەموان بەگوێرەی پێویستیان تێیدا بەشداربن.

٦- بنەمای هەرە سەرەکی لە دەوڵەتشاری ئەفلاتوندا بریتییە لە دادپەروەری. بەجۆرێک سەرجەم بنەماکانی تر لەپێناو چەسپاندنی دادپەروەری و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی کاردەکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# The Principles of The City-State in Plato's View

**Muslim Hassan Mohammed**
Department of Philosophy, College of Humanitarian Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**Zryan Hamza Aziz**
Department of Philosophy, College of Humanitarian Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Zryan.hamzaaziz@uor.edu.krd

**Abstract:**

Plato's thoughts, as great Greek philosopher, are still counted as one of the best references in terms of political philosophy and are in practice in the world of politics. Plato owns a utopian state based on the foundation of justice and virtue. Plato's state, ruled by philosopher-kings, is characterized by having particular thoughts about the system of education.

Politics is vitally important within Plato's philosophy. It is regarded as means of planning his utopian city. Plato believes that political systems can be classified, in accordance to their ruling type, into aristocracy, timocracy, oligarchy, democracy, monarchy and dictatorship. Among them, Plato believes that aristocracy is the best since it's practiced by a philosopher-king.

Plato in his ideal state refers to metaphysics as an important basic of his utopian city. Plato's view is that the ideal state can only be cherished in the life of hereafter, though those in power may be able to find some sort of the ideal life in this world. The philosopher-kings, on the other hand, are able to practice such an ideal life in this world. In Plato's view, any sort of change happening in the world from the perfection towards the imperfection and weakness. This is due to the unstable feature of the world that never stays constantly. Only God is characterized by stableness and mortality.

Plato thinks that 'ethics' is one of the practical fields of philosophy which shows the will of any human being that depends on performing the duty of individuals in the society to establish social justice. Plato states that education refers to the right preparation of human beings to suit the world of justice. He sees the education as the highest virtue. Plato repeats that all the social city-state classes have to get the proper education formed in certain phases based on the age of the citizens.

**Keywords:** City State, Authority, Philosopher-King, Metaphysics, Education.

## سەرچاوەکان:

ئەفلاتوون، کۆمار ٢٠١٥. وەرگێڕانی: عیمران هاواری، چاپی دوەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی..

ئەفلاتون ٢٠٠٦. کۆمار، وەرگێڕانی: سۆران عمر حمه، ڕێبوار قارەمانی و مەهدی حسن چۆمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

باربییە، مۆریس ٢٠١١. دەوڵەتشاری دێرین، وەرگێڕانی: عوسمان حەسەن شاکر، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

بریکهاوس، تۆماس. نیکۆلاس دی سمیس و کۆراب کاربۆڤیچ ٢٠٠٥. ئەفلاتون، وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

راسێل، بێرتراند ٢٠١١. مێژوی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، وەرگێڕانی: فازل مەحمود وەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەعید، سیروان ئەحمەد ٢٠٠٩. دەروازەیەک بۆ فەلسەفە(کلاسیک)، وەرگێڕانی: سامی هادی، چاپی یەکەم، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ی،ن،ک، سلێمانی.

ساڵح، غانم محەمەد ٢٠٠٨. بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، وەرگێڕانی: سەلام کەریم علی، چاپی دوەم، چاپخانەی هێمن، سەیدسادق.

سوارە، هاوڕێ ٢٠١٣. تیۆری دەوڵەت و بەدەوڵەتبونی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هونەر، سلێمانی.

سوڵتان، ئاوات ئەحمەد ٢٠١٦. فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

سۆران، حسێن ٢٠٠٨. کارڵ مارکس و ئەفلاتون، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عەزیز، حەمید ٢٠٠٨. سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.

عینایەت، حەمید ٢٠١٠. فەلسەفەی سیاسی خۆرئاوا، وەرگێڕانی: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

کەمال، محەمەد ٢٠١٠. فەلسەفەی ئەفلاتون، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

لیدمان، سڤێن ئەریک ٢٠٠٩. مێژووی فەلسەفەی سیاسی لە ئەفلاتوونەوە تا هابرماس، وەرگێڕانی: عەبدوڵڵای ڕەسوڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

محەمەد، پێشڕەو ٢٠١٦. سەرەتاگیری فەلسەفەی ئەفلاتوون، ئاشنابون بە ئەفلاتوون، وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر، چاپی یەکەم، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

محەمەد، سمکۆ ٢٠١٦. دەوڵەت، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

مراغێئی، علی مرادی ٢٠٠٥. چ کەسێک حوکم بکات؟، وەرگێڕانی: ئەکرەم ئیسماعیل ئێدلبی و هەوار نصرالدین ئێدلبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

مێهرئارا، عەلی ئەکبەر، محمد عەباس زادەگان، عەلی فروز فەر ٢٠٠٥. مێژووی پەروەردە و فێرکردن (لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنێسانس)، وەرگێڕانی: قادر وریا، چاپی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.

نەرسیسیان، ف، س ٢٠٠٨. مێژووی هزری سیاسی لە گریکی کۆندا، وەرگێڕانی: یاسین هێژا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

یەحیا، لوتفی عەبدولوەهاب ٢٠١٤. گریک، سەرەتایەک لە مێژووی شارستانییدا، وەرگێڕانی: سەنگەر حاجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

افلاطون ١٩٧٤. فيدون، ترجمة: على سامى النشار و عباس الشربينى، ط٣، دار المعارف، القاهرة.

إمام، عبدالفتاح امام ١٩٧٤. محاضرات في الفلسفة و الأخلاق، دار الثقافة للطباعة و النشر، القاهرة.

الأهواني، احمد فؤاد ١٩٧١. افلاطون سلسلة نوابغ الفكر الغربي، ط٣، دار المعارف، القاهرة.

التكريتي، ناجي ١٩٨٨. الفلسفة الاخلاقية الافلاتونية عند المفكري الاسلامي، ط٣، دار الشؤن الثقافية العامة 'افاق عربية'، جامعة كاليفورنيا، الولايات المتحدة الامريكية.

الجبر، محمد ٢٠٠٣. الاخلاق فى الفلسفة اليونانية، ط١، دار الينابيع، دمشق.

السيد، محمود ٢٠٠٧. التأريخ اليوناني و الروماني، ط١، مؤسسة شباب الجامعة، الأسكندرية.

الطويل، توفيق ١٩٧٦. فلسفة الاخلاق نشأتها و تطورها، دار النهضة العربية، بدون مكان.

العوا، عادل ١٩٦٢.المذاهب الأخلاقية عرض و نقد، ج١، ط٢، جامعة دمشق، دمشق.

الناصري، سيد احمد علي ١٩٧٦. الإغريق، تأريخهم و حضارتهم من حضارة كريت حتى قيام امبراطورية اسكندر الأكبر، ط٢، دار النهضة العربية، القاهرة.

بدوي، عبدالرحمن ١٩٧٩. افلاطون، وكالة المطبوعات، الكويت، القلم، بيروت.

توشار، جان ١٩٨١. تأريخ الفكر السياسي ، ج١، ت: علي معتلد، ط١، الدار العالمية للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت.

حسين، عاصم احمد ١٩٩٨. المدخل الى تاريخ و حضارة الاغريق، ط١، مؤسسة الأسراء للنشر و التوزيع، القاهرة.

حمدي، فاتنة جميل ١٩٩٢. الميتافيزيقا، بحث مقدم للتفرغ العلمي، جامعة بغداد، كليية الآداب، بغداد.

خليفة، حسن ١٩٢٩. تاريخ النظريات السياسية و تطورها، ط١، المطبعة الحديثة، القاهرة.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

زكريا، فؤاد ٢٠٠٥. دراسة جمهورية افلاطون، ط١، ج١، دار الوفاء للدنيا الطباعة و النشر – الاسكندرية.

صليبا، جميل ١٩٧٣. المعجم الفلسفي، ط١، ج٢، دار الكتاب اللبنانى، بيروت.

عبدالقادر، علي احمد ١٩٧٤. مقدمة في النظرية السياسة، مطبعة الكيلاني، القاهرة.

عكاشة، على ، د. شحادة الناطور، د. جميل بيضون ١٩٩٠. اليونان و الرومان، ط١، دار الأمل للنشر و التوزيع، اربد، ،٤.

فهمي، محمود ١٩٩٩. تأريخ اليونان، تقديم: الدكتور محمد زينهم محمد عزب، ط١، مكتبة و مطبعة الغد، القاهرة.

كرم، يوسف ١٩٧٠. تاريخ الفلسفة اليونانية، مكتب دراسات الفلسفية، ط٥، دار المحرر الأدبي، مصر.

كولبة، ارفک ١٩٦١. المدخل الى الفلسفة، نقله الى العربية و علق عليه ابو العلا العفيفي. لجنة التأليف و الترجمة و النشر، ط٣، القاهرة.

مرحبا، محمد عبدالرحمن ٢٠٠٠. من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الاسلامية، ط١، عويدات للنشر و الطباعة، بيروت.

مصطفى، ممدوح درويش و السايح، ابراهيم ١٩٩٨. مقدمة في تأريخ الحضارة الرومانية و اليونانية، ط١، المكتب الجامعي الحديث، الإسكندرية.

وايتهيد، الفريد نورث: مغامرات الأفكار (عرض فلسفي رائع للأفكار و الحضارات)، ت: انيس زكي حسن، مراجعة: محمود الأمين، عبدالرحمن خالد القيسي، مكتبة الحياة، ط٢، بالإشتراك مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر، بيروت – نيويورك.

استراترن، پل ١٣٨٦. اشنايى با افلاطون، ترجمة: مسعود عليا، چاپ ششم، نشر مركز، تهران.

بهرامى، اكرم ١٣٨٨. گوفتار افلاطون، برگرداندن به انگليسى، بنيامين كبيرى، چاپ هفتم، انتشارات ساحل، تهران.

بورمان، كارل ١٣٧٥. افلاطون، ترجمة: محمد حسن لطفى، چاپ اول، انتشارات طرح نو، تهران.

پاپكين، ريچارد و استرول، اوروم ١٣٨٩. ترجمة و اضافات: دكتور سيد جلال الدينمجتبوى، نشر حكمت، تهران.

كويره، الكساندر ١٣٨٩. سياست از نظر افلاطون، نوشته، ترجمة: امير حسين جهانبگلو، چپ دوم، انتشارات خوارزمى، تهران.

گمپرتس، تئودور ١٣٧٥. متفكران يونان، ترجمة: محمد حسن لطفى، خوارزمى، ج١-٢ تهران.

مراغاى، على مرادى ١٣٨٤. تاملى در فلسفة سياسى افلاطون. چ كسى بايد حكومت كند، چاپ دوم، انتشارات واحدى، تهران.

وابرتون، نايجل ١٣٨٢. آثار كلاسيک فلسەفة، ترجمة: مسعود عليا، انتشارات ققنوس، تهران.

محەمەد، پێشڕەو ٢٠٠٩. یۆتۆپیای ئەفلاتون، گۆڤاری ڕێنوێن، وەرگێڕانی ژمارە ٤، ڕانیە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

Aristotle, & Ross, W. D. 1981. Aristotle's Metaphysics, 18th ed, Oxford, Clarendon Press.

Barker, Ernest 1960. Greek Political Theory, Methuenand, Co, Ltd, London.

Bloom, Allan 1968. The Republic of Plato. New York, Basic Books.

Burnyeat, M. F. 1997. Culture and Society in Plato's Republic, The Tanner Lectures on Human Values, Harvard university, MA, The USA.

Cary, M. and Haaroff, T.J 1961. Life and Thought in the Greek and Roman World, New York.

Ferrari, G.R.F 2000. (ed.), Griffith, Tom (trans.). Plato. The Republic, Cambridge, Cambridge University Press.

Finley, M. I. 1966. The Ancient Greeks, 1st ed, Pelican ed. The USA.

Hugh, Benson 1992. Socrates and the beginning of moral philosophy, Oxford university Press, New York.

Kemerling G. 2011. Plato, The State and the soul, The Philosophy pages, available from: http://www.philosophypages.com/hy/2h.htm Accessed [Dec 30, 2019].

Pomeroy Sarah B., et al (2005) A Brief History of Ancient Greece: Politics, Society, and Culture, New York, Oxford University Press, Inc.

Reeve, C.D.C 2004. Plato. The Republic, Indianapolis, Hackett.

Shorey, Paul. Plato, 1937. Republic (2 vols. Loeb, 137-). This translation includes an introduction and notes.

Spielvogel, Jackson J 2005. Ancient Civilizations, Discovering Our Past, McGraw Hill/Glencoe; Student edition, Ohio, the USA.